# گوڵستانی وشە

## خەرمانێك لـە ناوی كوردی منداڵان

## لـەگەڵ گوڵبژێرێك لـە ناوە قورئانی‌یەكان.

كۆكردنەوە ئامادەكردنی

عوسمان سەنگاوی

ناوی کتێب: گوڵستانی وشه
ئامادەکردنی: عوسمان سەنگاوی
تیراژ: ١٠٠٠دانه
ساڵی چاپ: ٢٠٠٨-
نۆبەتی چاپ: یەکەم.
ژمارەی سپاردن:١٤٨٩ ساڵی ٢٠٠٨

پێشەکی

بەناوی خوای خاوەن ناوو سیفەتە جوانەکان.

ناو یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوەو لەکەسانی دیکەی جیا دەکاتەوە، هەر لەسەرەتای دروست بوونی یەکەمین مرۆڤ خوای گەورە ناوی ئەو مرۆڤەی ناوەو ناوی شتەکانی دەورووپشتی فێر کردوە، لەهەموو گەل و نەتەوەکاندا گرنگی زۆر بەناو دەدرێت و لەگەڵ لەدایك بوونی منداڵێك یان بەر لەدایك بوونی منداڵ ناو ئامادە دەکرێت، تەنانەت جاری وا هەبووە کە دووکەس بەرلەوەی بەیەك بگەن باس لەوە دەکەن کە منداڵەکانیان ناو بنێن چی؟!!

ئاشکرایە کەوا ئاین و کلتوورو پێگەو بارودۆخەکان و کەسایەتیەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ناوەکان هەیە، هەروەها بیرو بۆچوون و سیاسەت و زۆر شتی دیکە دەبنە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر ناونانی منداڵە تازەکان.

میللەتی کوردیش لەو کاریگەریانە بەدوور نەبووەو هەرکەسەو لەئاستی خۆی و لەنزیکی خۆی هەست بەوە دەکات کە ئەو هۆکارانەی کەباسمان کرد بووەتە هۆکاری ناونانی یەکێك لەو منداڵانەی کە نزیکی خۆیەتی.

تا ئێستاش زیاد لەجارێك کتێب و فەرهەنگی کوردی بۆ ناوی منداڵان کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران، وە هەرجارەو شتێکی نوێ زیاد کراوەو ناوێکی تازەی کوردی دۆزراوەتەوە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە کەبتوانین سەرجەم ناوە کوردیەکان کۆبکەینەوەو لەفەرهەنگێکی کوردیدا ڕێك بخرێت، ئەم هەوڵە بچوکەی منیش دەخوازم یەکێك بێت لەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ ناوی نوێ ی کوردی، وە هەوڵمداوە زۆرترین سەرچاوە ببشکنم و زۆر دڵنیا بم لە واتاکەی، چونکە بەداخەوە ئێستا ناوی وا بڵاو بووەتەوە بەناوی کوردییەوە کە هیچ پەیوەندیەکی بە زمانی کوردییەوە نی یەو بەزۆر واتای کوردی بۆ دەدۆزنەوە، ئەوەش کاریگەری زمان و زاراوەی بێگانەی بەئاشکرا پێوە دیارە.

هەر لەم بەرهەمەدا هەوڵمداوە کە هەندێك لەناوی قورئانی نیشانی خوێنەران بدەم، بەوەی زۆربەی میللەتی کورد پابەندی ئاینەو ئەو ناوانەش واتایەکی جوانیان هەیەو ڕاڤەی ناوەکەشم بەبەڵگەی ئایەتی قورئانی هێناوەتەوە.

دوا وتەم ئەوەیە کە مەرج نی یە منیش پەیم بەهەموو ناوە کوردیەکان بردبێت، وە هەر بۆ جوانی بەرهەمەکەش واتای هەندێك ناوم بە شیعرو پەندی پێشینان ڕوونتر کردۆتەوە.

عوسمان سەنگاوی

سلێمانی ٢٠-١٠-٢٠٠٨

osmansangawe@yahoo.com

**ئەلف**

(ئاپۆ): مامە، وشەیەکی ڕێزدارییە.

(ئاتاج) :  ئەو کەسەی کەچاوی لە خەڵکە، یان هەژارە بە شتێك.

(ئاباد) : ئاوەدانی،(تا ڕێك نەکەون قەبیلەی ئەکراد...هەروا دەبنە خەرابە ئاباد)حاجی قادری کۆیی.

(ئادا): کەسێك کە دەست بلاٌو بێت، سەخی.

(ئادار): مانگی سیٚی ساڵی زاینی.

(ئادان): زەوی بەپیت و بەرەکەت.

(ئادەم): ناوی یەکەمین مرۆڤ، باوکی بەشەرییەت.

(ئارا): بوون، جێگای ژیانی هەمیشەیی، دۆستی نێوان خۆشەویستی.

(ئاراز): ڕووبارێکە لە سنووری نێوان ئێران و ڕوسیا.

(ئارام): هێمن و لەسەرخۆ.

(ئارات): ئەو شوێنەی کۆچەرییەکان لە زستاندا لیٚی دەژین.

(ئارارات): ناوی چیایەکە.

(ئاراس): ناوی ڕووبارێکە لە سنووری ئێران روسیا.

(ئاران): هەواری کۆچەران لە زستاندا، پان و بەرین.

(ئارگۆن): ڕەنگی سووری ئاگر.

(ئارکۆ): نیوەی یەك ڕۆژ.

(ئارۆ): ئەمڕۆ.

(ئاری): ناوی کۆنی کورد.

(ئاریا): ماقووڵ ، ڕەسەن.

(ئاروین): تاقی کردنەوە. ئەزموون.

(ئاریان): بروانە، ئاران. شوێنی نیشتەجیٚ بوونی ئاری.

(ئارسان): ناوی تیرەیەکی کوردە.

(ئارتین): بلێسەو تینی ئاگر.

(ئارمان): سوکەڵە ناوی ئارمانجە لە کوردیدا.

(ئاریز): ئاوریز، کێوێکە لە نێوان شاری مەریوان و سنە.

(ئازا): کەسێکی نەترس.

(ئازیز): خۆشەویست، نازدار.

(ئازاد): سەربەست.

(ئازۆ):ناوی شاخێکە لە کوردستانی باکوور.

(ئازی): گورج و گۆڵ.

(ئاژۆ): لیٚخوڕ، شوێن هەڵگر.

(ئاژین):زبر بوون، پێچەوانەی ساف.

(ئاژداغ): چیایەکە لەناوچەی سەنگاو، وشەیەکی تورکی یە.

(ئاسا): هەرووەکو، لە شێوەی.

(ئاسۆس): ناوی شاخێکە لـە کوردستانی باشوور.

(ئاسان): شتێك کە گران نەبێت.

(ئاژان): دەرکردن و کردنەوە، پۆلیس.

(ئاسکۆڵ): بەچکەی ئاسك.

(ئاسکە): ناوی ئاسك، مامز.

(ئاسۆ): لێواری ئاسمان، دەڵێن: (خۆر لـە ئاسۆوە هەڵهات).

(ئاسیا): ناوی کیشوەرێکە، هاوسەری فیرعەون.

(ئاسیاو) : ئاش.

(ئاشکار): ئاشکرا، (شەو وتی ئەولادی ڕۆژم ڕوو ڕەشی بۆ مایەوە...نوری(والـشمس)ی لـە (والـلیل)ی نەدی کەس ئاشکار)حەمدی.

(ئاشتی): ئارامی و نەبوونی شەڕ.

(ئاشنا): ناسیاو، دۆست.(هەتا تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بووم...ئەمێستا موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ)نالی.

(ئاشۆ): پشوودان.

(ئاڤا): ئاوەدان، بەرامبەر.

(ئاڤان): ئاوەدان ،ناوی چیایەکە لـە کوردستانی باشوور.

(ئاڤەر): ئاوەدان.

(ئافتاو): هەتاو.

(ئامێدی): ناوچەیەکە لـە کوردستان.

(ئاگرین): ئاگراوی.

(ئاکار): ڕەوشت، خوو، خەسڵەت.

(ئاکام): سەرەنجام، ئەنجام.

(ئاکۆ): لـوتکە.

(ئاکرێ): شارێکە لـە کوردستانی باشوور.

(ئاگا): بەخەبەر، وشیار.

(ئالا): بەیداخ، پەرچەم.

(ئالان): شوێنێکە لـە کوردستانی باشوور.

(ئالانە): ئەو شوێنە، ئەو هێلانە.

(ئاڵێ): پێنەگەیشتوو، ڕەگێك کە تۆخ نەبێت.

(ئامان): دەخیل.

(ئامانج): مەبەست، مەرام.

(ئامۆ): مامە، برای باوك.

(ئامەد): ناوی شارێکی کوردییە، بەختی چاك.

(ئامیار): هاوکار،یارمەتیدەر.

(ئاوا): ئاوەدان.(گەردی ڕێی هەستاوە جێ داوا دەکا...بەختە! ماڵێ چاوی کێ ئاوا دەکا)مەحوی.

(ئاندیا): هۆزێکی کۆنی کوردە.

(ئاوێسەر): هاوینەهەوارێکی هەورامانە.

(ئاوێستا): کتێبی پیرۆزی زەردەشت.

(ئاخێز): هەستانەوە.

(ئاوات): هیوا، ئومێد.

(ئاوارە): ئەو کەسەی کە لەشوێنی خۆی نامێنێت.(هەرچەند دوورم بەڵام خۆش بیَ خەیاڵم....ئاوارە نیم وادەزانم لە ماڵم)هێمن.

(ئاواز): دەنگ، دەنگێك بۆ گۆرانی.

(ئاوان): ئاوەدان.

(ئازەر): ناوی مانگی ژمارە نۆی ساڵی ئێرانییە.

(ئاودێر): ئەو کەسەی ئاودانی زەوی دەکات.

(ئاونگ): شەونمی سەر گیا.

(ئاورینگ): تروسکە.

(ئاوەدان):شوێنێك کە چۆڵ نەبێت.

(ئارەزوو): حەزکردن.

(ئاوێز): کەنارخستن، داهێنان.

(ئاوێزان):شۆڕ بوونەوە.

(ئاوێزە): خشڵ، چل چرا.

(ئاوینگ): شەونم، دڵۆپە ئاوی سەر گەڵاو گوڵ.

(ئاڤێستا): ناوی کتێبی زەردەشت پێغەمبەرە.

(ئاهی): مامز، ئاسك.

(ئاهەنگ): زەماوەند، شایی. (شەماڵ گەواڵ گەواڵ هەور بنێرێ..ئاهەنگ و بەزمی جەژنی پیێ بسپێرێ)هەژار.

(ئاهۆ):ئاسك.

(ئایە):دایك، ئاخۆ؟.

(ئایین): بڕوا، دین.

(ئەختەر): ڕۆژ، خۆر، (تۆ ماهی و من ئەختەرەت...تۆ شاهی و من ئەفسەرت)حەمدی.

(ئەرخەوان): جۆرە دارێکە گوڵی پەمەیی دەگرێت. (کاتیێ گوڵ ئەکا ئەرخەوانەکەت...سەوز ئەکاتە بەر خاکە جوانەکەت)قانع.

(ئەریوان): ئەریڤان.

(ئەرکان): بنچینە، ناوی پلەداری سەربازییە.

(ئەژی): کەسێك لە ژیاندایە.

(ئەستێ): جۆرە بەردێکە بۆ ئاگرکردنەوە.

(ئەستێرە): هەسارەی ئاسمان.

(ئەسرین): فرمێسك.

(ئەستێڵ): ئەو شوێنەی ئاوی لیێ کۆدەکەنەوە بۆ باغداری.

(ئەسمەر): سوورو زەردو ئاڵ و ڕەش تێکەڵ بکرێت.

(ئەشكان): كۆمەڵە دڵۆپەیەكی ئاو، ناوی شاخێكە لە كوردستان.

(ئەڤین): عیشق و خۆشەویست.(یەك لەحزە گەها عەرشێ خەرامان بمەشینێ...تە چەرخا فەلەك بویە ژ سەرگەشتێ ئەڤینێ)صادق بەهادین ئامێدی.

(ئەكوان): زنجیرەی شاخ.

(ئەگریجە): پەرچەم، زوڵف.

(ئەلەند): بەرە بەیان، سپێدەی بەیانی.

(ئەڵوەند): لوتكەی زۆر بەرز، ناوی زێ یەكە لە كوردستان.

(ئەنوا): شوێنی پشوودانی شەوانە.

(ئەیوان): هەیوان، دالآن.

(ئەمیر): پێشەوا.

(ئەهوەن): سووك.

(ئەوین): خۆشەویستی.

(ئەورام): باش ، گونجاو، لەبار.

(ئیلام): ناوی شارێكە لە ئێران.

(ئێستا): لە ئێستادا، گوزەران.

(ئیسلام): ئاینی هەڵبژێردراوی پەروەردگار.

(ئیقبال): بەخت.

(ئیواز): جوانكراو، ڕازێنراوە.

(ئیرەج): بەنرخ، بەقیمەت.

(ئیلاخ): هەوار، شوێنی كۆچبەران.

(ئومێد): هیواو ئاوات.

(ئۆیە): پوڵەكە.

## ب

(بابان): ناوی میرنشینێكی كوردە، ماڵە باب.(لە بیرم دێ سلێمانی كە دارولملكی بابان بوو...نەمەحكومی عەجەم نە سوخرەكێشی ئالی عوسمان بوو)شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

(باخان): كۆی باخ. ناوی گوندێكە.

(باخچە): باخی بچكۆلە.

(باخەوان): ئەو كەسەی كاری ناو باخ دەكات.

(بادی): ئەوەی كە ئاوی تێدا دەخورێتەوە.

(باتاس): ناوی گوندێكە.

(بادینان):ناوی میرنشینێكی كوردە.

(بارام): سەركەوتن، وەرگیراو لە ناوی بەهرامی فارسی.

(باران): ئاوێك كه لەسمان دێته خوارێ.

(باڕێزه): جۆر گیایه‌كه به‌قه‌د شاخه‌وه ده‌ڕوێت.

(بارین): هاتنه خواره‌وه‌ی ئاو.

(بازان): كۆكراوه‌ی باز، ناوی گوندێكه.

(بازیان):شوێنێكی فراوان، ناوچه‌یه‌كی نزیك سلێمانی یه.

(بازینا): ژنی ده‌ست ڕه‌نگین.

(بازێ): هه‌ندێك، هه‌نگاوێك.

(باشكی): ناوی هۆزێكی كورده.

(بالاّ): بلّند، به‌رزی.

(بالّەك): مه‌لّبه‌ندێكی كوردستانه.(به‌بیرت دێ زه‌مانێك چووینه بالّەك...به پیێ خاوسی نه‌كه‌وشم بوو نه كالّەك)حاجی قادری كۆیی.

(باساك): ناوی گوندێكی شارباژێڕه.

(باسۆ): ناوی ئه‌شكه‌وتێكه له كوردستانی ڕۆژهه‌لاّت.

(بانو): ده‌شتێكی به‌رز.

(بانه): بلّندیی، ناوی شارێكی كوردستانی ڕۆژهه‌لاّته.

(باوان): مالّی باوك.

(باوه‌یس): ناوی هۆزێكی كورده.

(باوه‌ڕ): بڕوا، ئیمان.

(باهۆز): گه‌رده‌لوول.

(بایه‌خ): گرنگ.

(براله): بۆ ڕێزگرتن به‌كار ده‌هێنرێت، برا.(به‌كامی غه‌یر و بێگانه‌و براله....به‌ری بونت له یارو ئاشنا به‌س)مه‌حوی.

(بڕوا): باوه‌ڕ.

(بزاڤ): جووله.

(بژار): جیاكردنه‌وه، پاككردنه‌وه.

(بنار): قه‌د پالّ دامێن.

(بناو): جۆره دارێكی قورسه بن ئاو ده‌كه‌وێت.

(بلّێسه): تینی ئاگر.

(بوار):ته‌نكایی چه‌م و ڕووبار.

(باكۆ): بای سه‌رشاخ، پایته‌ختی ئازه‌ربایجان.

(بڕیار): قه‌رار.

(بروسك): تیشكی هه‌وره تریشقه.

(برادۆست): ناوچه‌یه‌كه له كوردستان.

(بریسكه): ئه‌وه‌ی كه ڕه‌نگ ده‌داته‌وه.

(بژوێن): شوێنێك گیای زۆری هه‌بێت.

(بلوور): جۆره شووشه‌یه‌كه، زۆر ڕوون.

(بونیاد): دروست کردن.

(بۆسان):بیستان.

(بۆتان): ناوچەیەکی کوردستانە، (لە بۆتان گولێکی هەڵکەند....دوو لە ئاوباریك و دەربەند)هەژار.

(بۆسکان): گوندێکە لە شارباژێر.

(بۆکان): ناوی شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

(بوکێ): بووك.

(بوێر): زیرەك، لێهاتوو

(بەتام): بەلەزەت، خۆش.

(بەنگین): بە بەخت.

(بەختەوەر): خاوەن بەختی باش.

(بەختان): لەبەختان، شانس.

(بەختیار): خۆشحاڵ.

(بەخشین): پێدان، پێشکەشکردن.

(بەخشندە): ئەو کەسەی کە دەبەخشێت.

(بەرات): دیاری، شەوی پازدەی شەعبان.

(بەرام): بۆنی خۆش.

(بەرزین): ناوی گوندێکە.

(بەراو): زەوی ڕوو لە ئاو.

(بەرزی): بڵندی.

(بەرزێ): بەرزاییەك، بڵندی.

(بەرزان): مەڵبەنێکی کوردانە.

(بەرکۆ): لە پێش چیا، لای سەروی خەرمان، ناوی چیایەکە.

(بەرهەم): ڕەنج.

(بەرین): فراوان.

(بەشدار): هاوبەش، خاوەن بەش.

(بەفراو): ئاوی زۆر سارد.

(بەفرین): وەکو بەفر، لەشێوەی بەفر.

(بەگزادە): ڕەسەن و نەجیب زادە.

(بەڵێن): بڕیار.

(بەندان): چوونە ناو، مانگی ڕێ بەندان.

(بەها): نرخ.

(بەهار): وەرزێکی ساڵ دوای تەواو بوونی زستان.

(بەهرە): توانا، لێهاتوو.

(بەهزاد):ڕەسەن.

(بەهەست): هەستدار، وردبین، بەئاگا.

(بەهەشت): باخ و باخات و خۆشییەك پێناسە نەكرێت.

(بەهێ): جۆر میوەیەكە لەشێوەی لیمۆ.(لە ڕووسووری عیبادەت لام و ڕوو زەردی خەجاڵەت مام....بەناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ ئەگرم)مەحوی.

(بەمۆ): چیایەكە لە كوردستانی باشوور.

(بەیار): بەدۆست كردن، زەوی نەكێڵراو.

(بەیان): ئاشكرا، ڕۆژهەڵاتن.(بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان) نالی.

(بەیبوون): گوڵێكی بەهارەی بۆن خۆشە لەشێوەی نێرگزدایە.

(بیارە): شارۆچكەیەكی هەورامانە.

(بێستوون): شاخێكە لە كوردستانی ڕۆژهەڵات.

(بێساران): ناوی گوندێكە لە كوردستانی ڕۆژهەڵات، نازناوی شاعیری كورد(مەلا مستەفای بێسارانی)یە.

(بینەر): ئەوەی كە دەبینێت و چاوی لێ یە.

(بێوەی): كەسێكی بێ زیان.

(بێدار): بە ئاگا. ناوی شاعیرێكی كوردە.

(بیر شاد): یادكردنەوەی خۆشی و بەختەوەری.

(بێ خاڵ): ساف،هاوینە هەوارێكی ڕەواندوزە.

(بێریڤان): دۆشینی ڕان، ناو ڕان.

(بێروون): چۆڵەوانی، بیابان.

(برەو): بایەخ.

(بێری): ئەوە كچ و ژنانەی مەڕ دەدۆشن.

(بینا): گلێنە، بینایی.

(بینایی): گلێنەی چاو، (دەلیلی وادەی سەر سەراوەكەم....بینایی دیدەی شەو بێ خاوەكەم)مەولەوی.

(بێستان): شوێنی چاندنی هەندێك جۆری سەوزەو میوە.

(بەناز): نازدار.

(بەنان):ڕێ بەنان، كاتی ئاو بەستن.

(بەلار): زۆر گەیشتوو.

(بەهرێز): پارێز.

(بەهمەن): ناوی مانگێكی ساڵی ئێرانییە.

(بەهێز): بە توانا و دەستەڵات.

(بەرگین): پێشین.

(بەورە): دڵ قایم.

پ

(پاداشت): قەرەبووكردنەوە، كاردانەوە، (لەپاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم....كەسیٚ شیٚتان بەردم تیٚ ئەگریٚ من بەرقی تیٚ ئەگرم) مەحوی.

(پاكان): پاكژ، ئەوانەی خاویٚنن.

(پاكیزە): خاویٚن، پاك، داویٚن پاك، كەسیٚك دوور بیٚت لە تاوان.

(پاكۆ): خاویٚن، پاك.

(پاراو): تیٚراو.

(پارەزان): گوندیٚكە لە شاربازیٚر.

(پاسار): گویٚسەبان.

(پژویٚن): كەمەربەند.

(پاڵە): شاری گەورە، جوتیار.

(پیٚشین): پیٚشینان.

(پروشە): پروشەی بەفر.

(پشتیوان): هاوكار، پشت و پەنا.

(پەرژین): دیوار، بەربەست.

(پەروین): گەڵە ئەستیٚرە.

(پەری): بچووككراوەی ناوی پەروین، جن.

(پەریٚز): ئەو شویٚنەی دەغڵی لیٚ بووەو درواوەتەوە.

(پەریزاد): جوانی و چاكی.

(پەرۆش): غەم، خولیا.

(پەروا): باك، سڵ كردن.

(پەرچەم): كەزیٚ، قژ، (پیٚچەیی پەرچەمی و پرچی سیا...هەردەڵیٚ مانگە شەوە كوڵمی تیا)نالی.

(پەسەند): نایاب، باش.

(پەنا): تەنیشت، قوژبن، (بە پەنای خودا) یان( خۆم دایە پەنای ئەو).

(پەیام): نامە.

(پەیڤین): گفت وگۆ.

(پەیوەند): تیٚكەڵ بوون.

(پیٚشەنگ): سەركاروان.

(پرشنگ): تیشكی خۆر، ئەوەی كەدەدرەوشیٚتەوە,

(پیران): زیرەك، ناوچەیەكە لە كوردستانی باكوور.

(پیرۆت): زۆر زان، ناویٚكی دیٚرینە لەكوردا بۆ پیاو.

(پیرۆز): موبارەك، موقەدەس.

(پشكۆ): لوتكە،خەڵوزی گەش.

(پیٚشواز): بە پیرەوە چوون.

(پیٚشهات): بەسەرهات، هەڵسەنگاندنی كاریٚك بەر لە هاتنی.

(پشوو): ئیسراحەت، هەناسە، وچان.

(پێشڕەو): سەردەستە، ئەوکەسەی پێشڕەوایەتی کۆمەڵێك دەکات.

(پێشەوا): سەرکردە.

(پەروانە): پەپوولە.(هەر من پەروانەی پەرِ سووتاوی تۆم....هەر من گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆم)وەلی دێوانە.

(پەریخان): شازادەی پەرییەکان.

(پەخشان): بلاّوبوونەوە، لقێکی وێژەو ئەدەبە.

(پەیدا): ئاشکرا، دروست بوون.

## ت

(تابان): مانگی چواردە، هەڵهاتنی مانگ.

(تابین): لەشکری زۆر، هاوینە هەوارێکە لە نزیکی سلێمانی.

(تارا): سەرپۆشی بووك.

(تاژان): باریکترین لقی دار، خاپور.

(تاڤگە): ئاوێکی زۆر لەبەرزی بێتە خواری.

(تاقانە): بێ کەس، بێ خوشك و برا، کەسێك تەنها خۆی بێت،تەنها برایەك لەناو خوشکانی خۆی، یان تەنها خوشکێك لە ناو براکانی.

(ترێ): میوەیەکە و ناوی لە قورئانی پیرۆزدا زۆر هاتووە.

(تروسکە): درەوشانەوە، بریقە.

(تریفە): تریفەی مانگ، ڕوناکی مانگ، (مانگ بە تریفەی ناودێ ئەکا کەیل..هێشتا هەر گەرمە ناڵەی کنا لەیل)گۆران.

(تکا): داوا، دوعا.

(توانا): هێز، گوڕ.

(تەژنە): تینوو.

(تەنکە): ناسك،شتێك ئەستور نەبێت.

(تۆڵە): تۆڵە سەندنەوە، پاداشتی کارێك.

(تەنیا): تەنها، ئەوەی هەر خۆی بێت.

(تیرۆژ): تیشـــــــــکی رۆژ.

(تینا): توانا، هێـــــز.

(تێکۆشەر): خەباتکار، ئەوکەسەی بەردەوام لە هەوڵدایە.

(تافان): ناوی گوندێکە لە ناوچەی قەرەداغ.

(تاڤان): تاوی بــــــــــارانی زۆر.

(تاڤی): تاو، تاوی بــــــــاران.

(تۆمار): قەواڵە،ئەو شتانەی کە دەنوسرێنەوە.

(تەبا): ڕێك، نێــوان خـــۆش.

(تەژی): پڕ، لێــوان لێــو.

(تەلا): ئاڵتـــــــوون، زێڕ.

(تەلار): کۆشـــــك و بینای بەرز.

(تەلان): بەرزی شـــــاخ، ناوی گوندێکە.

(تەوار): مێچکەی هەڵۆ، بە ژنی بەغیرەت دەڵێن: زۆر تەوارە!.

(تێبین): بیرو باوەڕی تایبەتی، بۆچـــــوون.

(تیمار): چارەسەر، ناوی چەند گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(تیشکۆ): کۆمەڵە تیشکێك بەیەکەوە.

(تامان): ئەو دەرگاو دیوارەی بە شوولْ دەکرێت، تەمەن.

(توێشو): نان و زادەی ڕێگا، توێشەبەر.

(تەنها): تەنیا، تاقانە، بێ کەس.

(تاشان): ئامۆژگـــــــاری.

(تەرزە): بارانی بەســـــتوو.

(تەرزی): شێوە، ئاکار.

(تەرزین): ناسك، بەرگدرووی دەست ڕەنگین.

## ج

(جان): جوان، گیـــــان.

(جانان): کۆی گیان، زۆر خۆشەویست:(....بۆ بەلاْ گەردانی بالاْت جانی جانانـم وەرە) تاهیر بەگی جاف.

(جریوە): دەنگی چۆلەکەو بولبول.

(جوامێر): زیرەك و ئازا.

(جوان): شۆخ و شەنگ و دڵگیر.

(جوانی): گەنجی، جـــــوان.

(جوانێ): لاوێ، گەنجێك.

(جەواهێر): بەردێکی بـــــەنرخ.

(جوتیار): ئەو کەسەی بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵ بێت.

(جەمشید): تیشکی گەورە، شـــووشە بەند.

(جەنگی): جەنگاوەر،شەڕانی.

(جەیران): ئاسك. مامـــــز.

(جێگر): لە شوێن کەسێك، نوێنەر.

(جەهان): جیهان، ئاسك.

(جیهان): دنیا، بوونەوەر.

(جوانکۆ): شاجوان، جوانی هەمووان، شاخی جوان.

(جوانڕۆ): ئەوەی جوان ڕێ دەکات، عەشیرەتێکی کوردە، شارێکە لە نزیکی پاوە.

(جوانیار): جوانی یار، جوانی دۆست.

(جەنگیز): یەکێك بووە لەسەرکردەکانی تەتەر.

(جانەر): گوڵێکی سپی یە.

(جەمین): ڕوو، ناوچەوان.

## چ

(چاکۆ): گۆزە.

(چاڤین): چاوێنی، تێڕوانین.

(چالاك): زیرەك و گورج و گۆل.

(چاوان): دیدە، هەردوو چاو.

(چاودێر): ئەوەی چاودێری دەکات، پاسەوان.

(چاوگ): وردە ئاگر لە کوانوودا.

(چاویار): چاودێر.

(چرا): ڕووناکی، فانۆس، ئەو شتەی ڕووناکی دەبەخشێت.

(چراوگ): چراوڵە.

(چراخان): ڕووناك کردنەوەی شوێن، کۆمەڵە چرایەك لە شوێنێك.

(چلورە): شوشەی سەهۆڵ ئاوی بەستووی گوێسەبانان کە شۆڕ دەبێتەوە.

(چنار): دارێکی باڵا بەرزە.

(چوستی): چالاك و گورج و گۆڵی.

(چۆڤیان): داردەستان.

(چەپك): کۆمەڵێك گوڵی بەستراو، چەپکێك گوڵ.

(چەشمە): کانی، سەرچاوە، (سەحرا هەموو سەوزو سوورە...چەشمە مەنابیعی نوورە)حەمدی.

(چەلەنگ): وریا، زیرەك.

(چەمەن): چیمەن، مێرگ، (چەمەن لە لالەو و ڕەیحان و نەستەرەن ئیمڕۆ...سوپهیرو صوبح و شەوەو ئافتابی وەختی زوحا)حاجی قادری کۆیی.

(چیمەن): مێرگ، هەرێس.

(چیا): شاخ، کێو.

(چێنەر): ئەو کەسەی شتێك دەچێنێت.

(چرۆ): گۆپکەی دار، سەرەتای گەڵا.

(چێوار): ئەوکەسەی کاری کڕین و فرۆشتنی مەڕو ماڵاتە.

(چرپە): چپە، قسەی نهێنی.

(چنور): بۆنی خۆش، جۆرە گوڵێکە.

(چۆڤان): لەرزین لەسەرمان.

(چەمیلە): چەمی بچووك.

# ح

(حەریف): هاوتا.

(حەمدی): ناوی شاعیرێکی ناوداری کوردە.

(حەمرین): ناوی شاخێکە لە کوردستانی باشوور.

# خ

(خاکی): ڕەنگی خۆڵ و گڵ، کەسی بێ فیز. (کەخاکی خاکی دامەن بە وەگەر نە تۆزی بەربادی...کە ئاوی یاوی گەوهەر بە وەگەنا بلّقـی سەر ئاوی) نالی.

(خامۆش): بێ دەنگ، کپ، جێگەی تەنیایی، (نیوە شەوە دنیا خامۆش.. دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش) هێمن.

(خانا): گەورە.

(خانی): گەورەیی، شاعیرێکی کوردە.(یان خانی خانان...یان تۆزی بانان) پێشینان.

(خانێ): ماڵ، یانە،سەرچاوە.

(خانزاد): یەکێکە لە میرەکانی سۆران.

(خاتوون): ژنی گـــــــــەورە.

(خاوەر): خۆر هەڵاتن.

(خاوێ): ناوی گوندێکە لە قەرەدا غ.

(خاوێن): پاك و پوخت.

(خانم): وشەیەکە بۆ ڕێزگرتن لە ژنان.

(خونچە): گوڵی نەشکوتوو،(بە گریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار...لەباغی من بە بارش غونچە پشکووت)مەحوی.

(خۆزگە): بریا، هیوا خواستن بۆ شتێك

(خوشکان): کۆمەڵێك خۆشك.

(خۆشبین): کەسێك بەچاکەو باشە بڕوانێتە هەموو کارێك، نییەت باش.

(خۆشڕەو): ئەوی جوان دەڕوات،

(خۆشڕوو): ڕوو خـــۆش.

(خۆشەنگ):لاو چـــــــــــاك.

(خوازیار): هیوا خواز، بە ئومێد بوون.

(خۆگر): ئارام، دان بەخۆداگرتن.

(خۆشەوی): ئەوەی لەبەر دڵان بێت.

(خۆشەویست): ئازیز، خۆش ویستن

(خۆشناو): ناوچەیەکە لە کوردستان.

(خۆشنوود): شادمان، ڕازی.

(خۆشی): شادی، کەیف.

(خومار): مەست، سەرمەست.

(خولیا): ئارەزوو، خەیاڵ ، کەڵکەڵە.

(خوناو): شەونم، ئاوی سەر گەڵاو گوڵ.

(خەبات): تێکۆشان، هەوڵدان.

(خەڵات): دیاری.

(خەلان): کۆزی ئاژەڵان لە دەشت و دەر، ناوی گوندێکە لەکوردستانی باشوور.

(خەپان): نەرم و نۆڵ.

(خەرمان): خەرمانەی دانەویڵە، (قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەمانی گوڵە....ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە)وەفایی.

(خەرامان): لەنجەولار.

(خەزاڵ): ئاسك، مامز.

(خەزان): گەڵاڕێزان، ناوێکە بۆ وەرزی پایز.

(خەندە): بزە، پێکەنینی سەر لێو، (بە غەمزەی چاوت بە خەندەی زارت....بردیان بە غارەت خەو و خەیاڵم)وەفایی.

(خەندان): بەردەوام دەم بە خەندە.

(خەیام): نازناوی شاعیرێکی گەورەی ئێرانییە.

(خەیاڵ): داڵخە، بیرکردنەوە.

(خنجیلە): وردیلە.

## د

(دابان): شاخێکە لەکوردستان.

(دابین): ئارام، هێمن، بە دەست خستن، دەستکەوتن.

(دادوەر): کەسێکی بەداد.

(دادخواز): ئەوەی دادوەری دەوێت.

(دارا): دەوڵەمەند.

(داستان): چیرۆك و بەسەرهات.

(دارکۆ): دیاری.

(داران): داخستن، کۆمەڵێك درەخت.

(دارۆ): بوون، خاوەن.

(دارێ): داس، شارێکی کۆنی کوردە.

(دالو): دالاّن.

(دالیان): سووربوون لەسەر شتێك.

(دامان): چمك، وتراوه:(دەستم بەدامان).

(دانا): زیرەك و خاوەن زانست.

(دانیار): زانا، تێگەیشتوو.

(داناو): ئاوەدانی.

(دانەر): ئەوەی شتێك دادەنێت.

(دانش): بیرمەند، فەیلەسوف.

(داوا): خواستن، داواكاری.

(دارەوان): ئەوكەسەی بەدار دا سەردەكەوێت، پارێزەری دارستان.

(داهات): سەرمایە، قازانج.

(داهێنان): نوێگەری، تازەگەری.

(دیدە): ، چاو.

(دژوار): سەخت، ئەستەنگ، گرفتاوی.

(دڵاڕا): دڵخۆشكەر،دڵفراوان.(دڵـم بێ تابە، ئەحواڵـم خرابە..هەتا تۆمی دڵ ئارام و دل ئارا) مەحوی.

(دڵاوا): دڵ ئاوەدان.

(دلاوەر): زیرەك، ئازا.

(دالآهو): شاخێكە لـە هەورامان.

(دڵبەر): ئەوەی دڵان دەبات.

(دولبەر):دڵبەر،عاشق.

(دڵبەند): عاشق، ئەوەی دڵی بەندە بە كەسێك.

(دڵپاك): بێ فرت و فێڵ.

(دلێر): زیرەك، قارەمان.

(دڵخواز): داوای دڵ خۆشەویست.

(دڵخۆش): شادمان، خۆش حاڵ.

(دڵزار): دڵ بەئێش.

(دڵناز): پێكەوتوو، جوان و لـەبار.

(دڵنەوا): دڵدانەوە، (دڵـــــــــنەوایی دەكات).

(دڵنەواز): میهـــــــرەبان.

(دڵۆڤان): بەبەزەیی، میهرەبان.

(دڵكۆ): خۆشــــــــــەویست.

(دڵسۆز): خـــــــــەمخۆر، نییەت باش.

(دڵشاد): كامەران، دڵـــــــــخۆش.

(دڵگیر): پەســـــــــەند، خۆش و جوان.

(دڵنیا): بێ خەم، ئاســــــــوودە.

(دلۆ): ئەی دڵ جۆرە ئاوازێكە.

(دلۆڤان): میهرەبان، بەبەزەیی.

(دنیا): جیهان.

(دەوەن): درەختی بچوک، پێشینان وتویانە: (هەر دەوەنە بەدار ئەبێ).

(دیوان): دیوەخان، شوێنی میوانداری، کتێبی شاعیران، (فارس و کوردو عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە...نالی ئەمرۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە)نالی.

(دەلال): نازدار.

(دیدەوان): پاســـــــەوان.

(دمدم): شاکارێکی کوردی یە.

(داریان): داری جوان.

(دەرسیم): شارێکە لە کوردستانی باکوور.(کارەساتی وەحشیانەی دەرسیم و دیار بەکرو وان..نەقشی ناو جەرگ و دڵـی سـووتاو بوریـانن هەموو)شاهۆ.

(دیلمان): گوندێکە لە کوردستان.

(دیاکۆ):یەکێك بووە لە پادشا کۆنەکانی کورد.

(دیار): ئاشکرا، شوێن، (دیارم دەیری عیشقە جێ بوسـوتن بـێ لـەوێ دەگـرم...کـە مـن مـشتێك چـڵ و چـێو بم بەچـی بم کـەڵکی کـێ ئەگرم)مەحوی.

(دیاری): خەڵات، پاداشت.

(دوربین): ئەوەی لەپاشەڕۆژ دەڕوانێت، یان پێش خۆی دەبینێت.

(دەرباز): ڕزگار بوو، قوتار بوو.

(دەراو): بۆن و بەرامە.

(دەرفەت): هەل فرسەت.

(دەربەند): ڕێگای نێوەندی دوو چیا، نموونە:(دەربەندی بازیان).

(دەریا): زەریا.

(دۆستان): خۆشەویستان، هاوڕێیان، سێ پای سەرئاگر.

(دۆستی): دۆستایەتی، نزیکی، (دۆستی دۆستم دۆستمە).

(دەشتی): هەردی، دەرەوەی ئاوەدانی.

(دەشنێ): دەلەرێتەوە، ئارەزوو دەکات،(لەپێ کەوتوم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ...)مەحوی.

(دەڤەر): ناوچە، هەرێم.

(دەگمەن): کەم وێنە، بۆ شتێك کەم جار ڕوو بدات.

(دەلۆ): عەشیرەتێکی کوردە. ئاوازێکی گۆرانییە.

(دەماوەند): شاخێکی گەورەی ئێرانە.

(دەنگۆ): دەنگ، هەواڵ.

(دەنگین): بەناوبانگ، دەنگی دایەوە.

(دەوار): ڕەشماڵی کۆچــــــەریان.

(درود): ستایش.

(درەو): دروێنـــــە.

(دەوڵەت): وڵات، دەوڵەمەند،(دەوران دەوڵەتت لەدەست دەسێنێ، بەڵام ناوی چاك تاسەر دەمێنێ)پێشینان.

(دێکان): چەند گـــوندێك.

(دیانا): شارێکی کـوردستانی باشوورە.

(دیدار): دیـمـــانە، بینین.

(دێبەر): ئەو بەردەی پێش گوندێك کەوتبێت، بەردێك.

(دیندار): خاوەن ئاین، پەیوەست بە دین.

(دینەوەر): پڕ دەستەڵات، ناوی گوندێکە.

(دیدەن): چاوپێکەوتن.

(دیدە): چاو، (ئەی جەماڵت نوری دیدەی ئەنبیا...شامی توڕڕەت صوبحی عیدی ئەولیا)مەحوی.

(دیمە): ڕوخسار، سەر کوڵم.

(دێراو): ئاوبردن بۆ زەوی.

(دێنی): ســـــەردان، بەسەرکردنەوە.

(دێرین): مـێژینە، ڕابردوو.

(دیلان): جۆلانە، هەڵپەڕکێ، بەندی، نازناوی شاعیری کورد(حەمە ساڵەح دیلان)ە.

(دیمەن): بەرچاو، ئەوەی دەبینرێت.

(دێوەر): بەقاڵ ئەوەی کاری وردەواڵە فرۆشییە.

(دێری): گوندێکە لە ناوچەی شاربازێر.

(دادیار): دۆستی داد، دادخواز.

(دەرون): هەناو.

(دابین): فەراهام کردن، ئارام گرتن.

(دینگە): تیمارستان، شوێنی چاکبوونەوەی نەخۆش.

## ڕ

(ڕابوون):هەستان، بەئاگابوون.

(ڕابەر): پێشـــەوا، ســــــــەرۆك.

(ڕابین): ڕابـــــوون.

(ڕادان): ڕامـــاڵین.

(ڕاڤێر): ڕاوێژ، تەکبیر، پرس کردن.

(ڕایەن): گەیاندن.

(ڕاڤین): ڕێگای خۆشەویستی،جۆرە باڵندەیەکە، ڕابوون.

(ڕاز): نهێنی، چیای بڵند.

(ڕازاو): نەخشین، جوانکراو.

(ڕازان): ئامادەبوون، ڕاكشان.

(ڕازە): چیرۆك و بەسەرهاتی ئەفسانەیی.

(ڕازی): قایل.

(ڕازیار): هاودەم، هاوڕێ، ئەوەی لێی دڵنیایت.

(ڕاژە): خزمەت، ئامار، ڕیژە.

(ڕاژیان): جــوڵانەوە بۆ پێشەوە.

(ڕاژین): ئەوەی لانك یا هەر شتێكی تر دەڕاژێنێت.

(ڕاسان): دەست بڵند كردن.

(ڕاستی): ڕاست و دروست، دوژی درۆ.

(ڕاسكار): كار بەجێ، ئەوەی كاری جوان و ڕاستە.

(ڕاستگۆ): ڕاست بێژ، درۆنەكردن.

(ڕاستگار): ڕاست ویست.

(ڕاستین): ئەو كەسەی بیرو هۆشی ڕاست بێت، خاوەنی دڵی باش.

(ڕامان): بیركردنەوە، تێڕامان، هەست گرتن.

(ڕاڤە): شیكردنەوە، تەفسیر، لێكدانەوە.

(ڕاڤیار): ڕاوكەر، نێچیرەوان.

(ڕاگر): ئاگادار كردنەوە.

(ڕاوێژ): پرس كردن، مشورەت كردن.

(ڕاهی): ڕزگاربوو، خاتری، (بیكە بە ڕاهی خوای گەورە)پێشینان.

(ڕەیان): تێراو، ئاودار، ناوی دەرگایەكی بەهەشتە تایبەتە بەڕۆژووەوان.

(ڕزگار): ئازاد بوون.

(ڕوپاك): ڕوو جوان، سەرفراز.

(ڕوخسار): دەم و چاو، ڕوو.

(ڕوناك): ڕۆشن، دیار، (شەفەقی ڕووناك سوبحی ئومێدم...هیلالی ڕۆژی جەژنی سەعیدم)شاهۆ.

(ڕوخۆش): خۆشڕوو، دەم بە پێكەنین، ڕوخسار كراوە.

(ڕوداو): بەسەرهات، چیرۆك.

(ڕۆژ): خۆر، بەرامبـــەر شــــەو.

(ڕۆژان): ڕۆژگار، بەرۆژ.

(ڕۆژیار): ڕۆژ ، خـــــــــۆر.

(ڕۆژین): لە شێوەی ڕۆژدا.

(ڕۆژەن): كلاوڕۆژنە.

(ڕۆژگار): ڕۆژەكان، زەمــــانە.

(ڕەوشەن): ڕۆشنایی، ڕۆشنكار.

(ڕەندان): پیاوی زۆر باش ، كەسانی چاك.

(ڕەزان): باخـــــــــەوانی مێو.

(ڕەسەن): بنەچەی چاك و پاك، زۆر چاك.

(ڕفتار): ڕەوشت، هەڵس و كەوت.

(ڕەڤان): هەڵاتن، هەڵبوون.

(ڕامیار): سیاســـــــەت.

(ڕەنج): هەوڵ و تێكۆشان، ئەرك ، كاری سەخت، بەرهەم.

(ڕەنجدەر): ئەرك گران، ئەو كەسەی ڕەنج دەدات.

(ڕەنجبەر): وەرزێری بەكرێ بۆ خەڵك، ( لاگری سوڵحە تەواوی ڕەنجبەری وشیاری كورد... چاوەنۆڕی دەرفەتێكە خەڵكی لادێ و شاری كورد) هێمن.

(ڕەنجیار): هاو ڕەنج، هاوكار.

(ڕەنگین): ڕەنگاو ڕەنگ، زیاد لەڕەنگێك.

(ڕەوەند): خێڵەكی، ئەوانەی بەدوای لەوەڕدا دەگەڕێن.

(ڕەوەز): چینی بەرد.

(ڕەها): بێ سنوور.

(ڕەهبەر): ڕێبەر، سەرمەشق.

(ڕەزێ): كۆمەڵە باخێكی ترێ.

(ڕەهەند): تێڕامان لە شوێنی جیاوازەوە، لایەن.

(ڕەوەند): ئاوارە، ئەوەی لە وڵاتێكی تر دەژی، نموونە:(ڕەوەندی كورد لە ئەوروپا).

(ڕەهێڵ): لێزمەی باران، تاوی زۆری باران.

(ڕێباز): ڕێگا، تەریقەت، بەرنامە.

(ڕێبەر): ڕەهبەر، چاوساغ.

(ڕێزان): شارەزای ڕێگا، كەسێكی زیرەك، ناوی گوندێكە.

(ڕێزدار): خاوەن ڕێز، كەسی بەڕێز.

(ڕێژش): وردە بــــــــاران.

(ڕێدین): ڕێگای ئاین پەروەری.

(ڕێژاو): بلاو، جۆر هەنجیرێكە.

(ڕێژنە): تاوی زۆری باران، ڕێژنەی باران.

(ڕێزاڵ): پارچەی باریك.

(ڕێكان): هۆزێكی كـــــــــوردە.

(ڕێكەوت): بەهەڵكەوت.

(ڕێواس): جۆرە گیایەكی تام مزرە لە كوێستانەكان دەڕوێت.

(ڕێبوار): ڕێ هەڵگر.

(ڕوبەند): پەچە، جۆرە سەرپۆشێكی ژنانەیە.

(ڕێبەند): ڕێی گیراو، مانگی ڕێبەندان.

(ڕاژان): جولاّنەوە، ڕاژەنین بۆ پێشەوەو بۆ دواوە،(بێشکە ڕاژەنین).

(ڕوبین): ڕوو بە ڕوو.

(ڕۆژیار): خۆرەتاو.

(ڕۆشن): ڕوون، ئاشکرا.

(ڕۆشنا): ڕووناك، ڕوناکردن.

(ڕۆزا):

(ڕەوشت): ئاکار، ڕەفتار، هەڵس وکەوت.

(ڕوبار):چەمی گەورە.

## ز

(زارا): کەو.

(زارۆ): منـــــــــــــــداڵ.

(زانا): زیرەك، ژیر.

(زاموا): ناوی ناوچەیەکی کۆنی کوردستانە.

(زاوێتە): ناوچەیەکی کوردستانی باشوورە، هاوینەهەوارێکی سەر بەشاری دهۆکە.

(زانیار): زانست دۆست.

(زایەڵە): دەنگ دانەوە.(ئەڵڵاهو ئەکبەر پەپوو سلێمان...زیکەو زایەڵەی تەیرانی کاوان)قانع.

(زرار): ئەوەی لەئاودا دەخوسێت، زیان، جۆرە دەنگێکە.

(زرنگ): زیرەك ، وشیار، ئازا.

(زریان): تۆفان، بایەك لە باشوورەوە هەڵبکات.

(زرێبار): گۆم، ناوی دەریاچەیەکە نزیکی شاری مەریوان کە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

(زنار): نسار، نزار.

(زین): خۆشەویستی مەم، ئەوەی کە لەپشتی ئەسپی دەکەن.

(زیوان): گیایەکی گوڵ شینە،

(زۆراب): کەسێك زوو هەڵدەستێت لە بەیانیاندا، واتە زوو ڕا دەبێت.

(زەلان): ڕەشەبا، ناوی گوندێکە لە شارباژێر، خلیسکان.

(زەمەند): زەویەك زۆر گیای لیَ بێت.

(زەنگین): دەوڵەمەند.

(زەنوێر): شوێنی بڵند، شوێنی هەواوی سازگاری لیَ بێت.

(زەردەشت): یەکێك بووە لە پێغەمبەران.

(زەوەند): زۆر، فرە، زۆرو زەوەند.

(زەمەند): زەوی پڕ لەگیا.

(زێبار): ناوچەیەکە لە کوردستان، هۆزێکی کوردە لە کوردستانی باشوور.

(زێریڤان): پاسەوان، ئێشك گر، ئەوەی ئاگاداری شت دەکات.

(زیرەك): لێهاتوو، بلیمەت.

(زێوێ): مەزارگە، ناوی هاوینە هەوارێکی کوردستانە لە دامێنی پیرەمەگروون.

(زێوەر): پرشنگدار، نازناوی شاعیرێکی کوردە.

(زیڤار): هەژار، کەم دەست، نەدار.

(زێوە): شوێنی زیارەتگا، پیاوچاك، ناوی گوندێکە.

(زێڕین): ئەو شتەی کە لە زێڕ دروست دەکرێت.

(زەریف): جوان.

(زەهاو): ژن، ناوی ناوچەیەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

(زانکۆ): دانشگا، مەڵبەندی فێربوون و خوێندنی باڵا.

(زمناکۆ): چیایەکە لە نزیك شاری دەربەندیخانی کوردستانی باشوور.

(زۆزك):هەوارگەی بچووك، شوێنی کوێستانی بچوك، ناوی چیایەکە.

(زۆزان): هەوارگەی کۆچەران، چیاکان.

(زەندی): ناوی هۆزێکی کوردە.

(زوڵاڵ): ساف و بێ گەرد، تام خۆش، ئاوی زوڵاڵ.

(زیلان): ناوی عەشیرەتێکە لە کوردستانی باکوور.

## ژ

(ژاڵە): جۆرە درەختێکە گوڵی سوور و سپی هەیە، لۆرك، لولك.

(ژووان):شوێنی پێك گەشتنی دوٚستان.

(ژەنیار): ئەوەی کە ئامێرێك دەژەنێت.

(ژیار): شارســــــــــتانی.

(ژیان): بوون، ژین.

(ژیر): عاقڵ، بەهۆش.

(ژیوار): چۆنیەتی ژیان، بەسەر بردنی تەمەن، ناوی گوندێکە.

(ژین): ژیان.

(ژیلەمۆ): پشکۆ.

(ژنو): سەر لەنوێ.

(ژوران): بڵندیان، سەرما هاتن، کێوان.

(ژیلە): تەرزەی وورد، ژیلەمۆ، پشکۆ.

(ژیلوان): ناوی چیایەکە لە نزیکی چوارتای کوردستانی باشوور.

(ژیکاڵ): جوانکیلە.

(ژیکەڵە):خونچیلانە، وردیالانە.

(ژینکۆ): پێکەوە ژیان.

(ژێهات): لێزان، تێگەیشتوو.

(ژینۆ): ئەوەی لەژیندایە، زیندوو.

## س

(سابات): کەپر، سێبەر.

(سادار): ئەو دارەی کە سێبەری هەبێت، دێوانە.

(سارا): دەشت و چۆڵ بیابان،(سارای هیدایەت تاریك مەوینوون... رشای نەجات یەکجار باریك مەوینوون)مەولەوی.

(ساران): ناوی گوندێکە لە کوردستانی رۆژهەڵات.

(سارە): بەرەبـــــەیان.

(سارۆ): ناوی پاڵەوانێکی کوردی شەڕی چاڵدێران بووە.

(ساری): ساردی.

(سارێژ): چاك بوونەوەی برین، سوکنایی هاتن.

(سازگار): زولاڵ، ئاوی زۆر پاك و خۆش.

(ساکار): ئاسان، سادە.

(ساتیار): ناوی هۆزێکی کوردیە.

(ساکۆ): شاخی ڕووتەن، شوێنی بلّند.

(سالار): گەورە، ژیر، بەئەدەب.

(سامان): دارایی، ســـــەروەت.

(ساماڵ): ئاســـــمان بەبێ هەورو هەلا، ئاسمانی ساف و بێ گەرد.

(سان): نازناوی سوڵتان، ناوە بۆ دەستەلاتدار.

(سانا): ئاسان.

(ساوا): منداڵی زۆر بچووك. بەو جۆرە.

(ساوە): بە کارو بەرخی تازە بوو دەڵێن ساوە.

(ساوێن): وردکردن، ساف کردن.

(سایە): سێبەر، (لە مابەینی کەوکەن و هەیبەت سوڵتان...نسیێ ی ئێوارەو سایەی سبەینان)حاجی قادری کۆیی.

(ستارە):هەسارە، ئەستێرە.(بێ مرووەتیت کرد ئەی شەم دەربارەم....من بۆ تۆ قەیسی سیا ستارەم)وەلی دێوانە.

(ستران): گۆرانی، لاوك.

(سروت): لاسکی گوڵە گەنم یان گوڵە جۆ.

(سرود): گۆرانی نیشتمانی یان ئاینی.

(سروور): خۆشی و شادی.

(سروە): هەوای بەرەبەیان، شنەبا.(سروە هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکوتن...باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چ بکەم)هێمن.

(سروش): نیگا، وەحی، ئەوەی کە فریشتە دەهێنێتە لای پەیامبەران.

(سروشت): خۆڕسك، فیترەت.

(سپێدە): بەرەبەیان،( لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان...بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان)نالی.

(سکاڵا): گلەیی، وتو وێژی نێوان دوو کەس.

(سمکۆ): سمکۆڵانی ئەسپ، بچوك کراوەی ناوی (ئیسماعیل)ە، ناوی سەرکردەیەکی کوردە.

(سنەوبەر): درەختێکی هەمیشە سەوزو جوانە.

(سنوور): هێڵی نێوان دوو شوێن، حدود.

(سوارە): سواری ئەسپ یان هەر شتێکی تر، لەپێشە، وتراوە: (فلاَن کەس داشی سوارە).

(سۆران): ئەمارەتێکی کوردی بووە، ناوچەیکی کوردستانە، جۆرە زاراوەیەکی کوردییە.

(سۆزان) : بەسۆز، بەبەزەیی.

(سوزان): سووتان.

(سورمێ): کلی چاوان.

(سۆلان): ڕەسەن، چاك.

(سۆکار): ناوی چیایەکە.

(سورگوڵ): گوڵی سوور، (..وتم یاخوا لەسەر سورگوڵ نەبینم شەونمێکی تر)هێمن.

(سۆز): خۆشەویستی، بەزەیی، جۆرە ئاوازێکە، حاڵی دەروێشانە.

(سۆزە): گۆرانی و ئاواز بەدەنگێکی نزم، سروە.

(سۆزی): بەزەیی، ئەو رشۆژەی کەدادێت.

(سۆزیار): خاوەن بەزەیی و خۆشەویستی.

(سورێن): ناوی چیایەکە لە کوردستانی باشوور.

(سۆلاڤ): تاڤگە، ناوی هاوینەهەوارێکی کوردستانی باشووە.

(سۆنیا): ناوی گوڵ.

(سۆما): بینایی و ڕوناکی چاوان، ئاسۆ.

(سیوەیل): ناوی ئەستێرەکی ئاسمان، ناوچەیەکی چەند گوندی شارباژێرە، (بووە بە ئەستێرەی سیوەیل)پێشینان.

(سێوان): سابات، کەپر.

(سەبا): بەرە بەیان.(سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من بپرسن لێت...بڵێ کێشایە مەیخانە دوو چاوی بێچووە عەییارێ)کوردی.

(سەپان): ڕەنجبەر، سەپاندنی شتێك بەزۆر.

(سەرا): ماڵی دیوان، سەرای دەوڵەت، (وا تەختە لەبەر دەرکی سەرا چاترە ڕەوتی...نەك سەختە بە چەوتی وەکو لاپێ کە دەکەوتی)چروستانی.

(سەرباز): ئەوەی دەتوانێت چەك هەڵبگرێت، جۆرە ئەرکێکی دەوڵەتە.

(سەربەست): رزگاربوو، ئازادبوو.

(سەرگوڵ): باشترین و چاکترین، نۆبەرە.

(سەرچڵ): سەروی لقی دار.

(سەرخێڵ): سەرۆك هۆز، سالاری هۆزی کۆچەریان.

(سەردار): میر، سەرۆك، دەستەلاَتدار.

(سەردەم): کات، لەسەر زار.

(سەرۆك): سەردار، خاوەن دەستەلاّت.

(سەركار): خاوەن كارو، ئەوەی چەند كەسێك لەژێر دەستی دا كار دەكات.

(سەركان): ئەو هۆزو عەشیرەتەی كە زۆر تیرەی لێ جیا بوبێتەوە.

(سەركۆ): سەر شاخ، ناوی گوندێكە لە ناوچەی قەرەداغ.

(سەرۆ): سەرۆك. لای ژورور.

(سەرهۆز): سالاری هۆزو عەشیرەت.

(سەروا): قافیەی هۆنراوە.

(سەروەر): سەرگەورە.

(سەرهەنگ): شا هەنگ، دایكی مێش هەنگەكان، جۆرە پلەیەكی سەربازییە.

(سەریاس): ناوچەیەكە لە كوردستانی باشوور.

(سەرچەم): لە نزیكی چەم و ڕووبار.

(سەرروێن): مێزەر.

(سەفا): خۆشی بەخش، دیمەنی جوان.

(سەنا): ئاسان ، ساكار.

(سەنگین): بەنرخ، قورس.

(سەمەن): گوڵی یاسەمین.

(سەهەند): زۆر ســـــــارد.

(سەیدا): بەرێز بەشێوە زاری بادینی، مامۆستا.

(سەیران): گەشت.

(سەیوان): كەپر، چەتر، سابات، گۆرستانێكی بەناوبانگی شاری سلێمانییە.

(سەگرمە): ناوی چیایەكە لەنێوان هەر دوو ناوچەی قەرەداغ و سەنگاو.

(سەوزە): شین بوو،جۆرە مێوژێكە.

(سەودا): خولیا، مامەڵە، كەڵكەڵە كەوتنە سەر بۆ شتێك.

(سەوزی): ئەو گیا سەوزەی كە دەخورێت.

(سیامەند): ناوی عاشقێكە، بەیتی خەج و سیامەند.

(سیروان): ناوی چەمێكی بەناوبانگی كوردستانە.

(سیڤان): چەتری بە هەتاو.

(سێوە): سێو.

(سێسنە): ناوی گوڵێكی ڕەنگ زەردی كوێستانی یە.

(سینەم):دڵ و دەرون.

(سیما):نیشانە، دیدار، (لە سیماتا بەدیم كرد هەیكەلی عومرێكی حەسرەت كێش...وەها دیارە كە بەختت ئاشیانی بولبولی غەم بێ)گۆران.

(سەلار): ژیر، بـــەرێز.

(سەنگەر): مەتەرێز.

(سەربەرز): سەربڵند.

(سواره): دەستەی سواران، سواربوو.

(سورکێو): شاخی ڕەنگ سوور، ناوی چیایەکی کوردستانی باشووره.

(سینا): ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(سوکنا): ئارامی، ئۆقرە گرتن، ماڵ.

# ش

(شاتوو): تووی سوور، تووە گەورە.

(شاجوان): زۆر جوان، هەڵبژاردەی جوانەکان.

(شاد): خۆشحاڵ بەکەیف.

(شادی): خۆشـــحاڵی، بەختیاری، داوەت و بەزم.

(شادمان): دڵشاد، بەختیـــار.

(شاخەوان): ڕازەوان، ئەوەی لە کاری لە چیاکانە.

(شارا): ماسولکەی گەنم لەســـەر خەرمـــان.

(شاران): کۆمەڵە شــــــارێك، جۆرە خشڵێکە.

(شارۆ): کێشەی گەنم، پاشـــماوە.

(شاروخ): ترۆزی، ناوی گوندێکە.

(شارەزا): زانا لە کاروباردا، ڕێگەزان.(قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور...وەی پەیکی شارەزا بەهەموو دەشتی شارەزوور)نالی.

(شارێ): ڕێگەی گەورەو سەرەکی.

(شاری): دانیشتووی شار، شارستانی.

(شازادە): نەوەی پادشا، لاوی ئاکار باش.

(شاسوار): سواری بێ وێنە، تاقە سوار.

(شاقا): هەنگاو، بلاّودانان لە زەوی.

(شاکار): کاری گەورەو چـــــــــاك.

(شاکۆ): کێوی گەورە.

(شاگوڵ): گوڵی گەورە، گوڵی بێ وێنە.

(شاکەل): کەلی گەورە، ناوی گوندێکە لە گەرمیان.

(شالاّو): هەڵمەت، پەلاماردان.

(شالیار): نزیکی پادشا، وەزیر.

(شاوار): فرەچاك، زۆر باش.

(شاهۆز): گەورەی هۆز، سالاری عەشیرەت.

(شاناز): سەرفرازی ، شانازی کردن.

(شایار): دۆستی پادشا.

(شانۆ): شوێنی نمایشکردنی کاری هونەری.

(شایان): شایسته، چەند پادشایەك.

(شادان): دڵشاد، خۆشی و کەیف.

(شڤان): شوان.

(شکار): ڕاوچی، کەڵەکە بەرد.

(شکاك): هۆزێکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، نازناوی (سمایل خانی شکاك).

(شکۆفە): گەشانەوە، کرانەوەی گوڵ. (بولبول بە خەندە دێت و دەڵێ دەی بڕایەوە...شاخی درەختی عومری شکۆفە ژیایەوە)حەمدی.

(شکۆ): پایەدار.(ئەی پادشاهی شکۆهی عیزەتی ڕووی زەمین...گەوهەری تاجی ریسالەت شەمسی بورجی مورسەلین)تاهیر بەگی جاف.

(شلێر): گوڵێکە ڕەنگی سووری ئاڵە، ناوچەیەکە لەنزیکی پێنجوێن.

(شناس): ئاشنا، شارەزا.

(شنۆ): سروە، کزەی با، مەڵبەندێکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

(شنە): لەرین، هاتنی سروە.

(شنیا): شنە هات، هاتنی سروە.

(شنیان): هەڵکردی بای سروە، لەرینەوە لەبەر با.

(شوان): ئەوکەسەی بەلای ڕانە مەڕو بزنەوەیە، ناوی ناوچەیەکە لە نزیکی شاری چەمچەماڵ.

(شۆخ): جوان، ڕێك و پێك.(یەکێ خۆش و قەشەنگە ڕەنگی شۆخ و شەنگە وەك لەیلا...پەشێوە حاڵ و کە شەنگە یەك بە تەرزی قەیسی دێوانە)چروستانی.

(شۆخان): جوان، قەشەنگ.

(شۆخە): لاوە، جوان.

(شۆخی): جوانی، گاڵتەو سوعبەت.

(شۆرش): خەبات، ڕاپەڕین. (..بەقانونی تەجەنون شۆڕشێ بەپا نەکەم چ بکەم)مەحوی.

(شوشە): جام، ناوی گوندێکە.

(شەپاڵ): جوان و ڕێك و پێك. بەچکە شێر.

(شەوبا): بای شەوان.

(شەوجوان): ئەستێرەو مانگ. جوانی شەوان.

(شەپۆل): جولەی دەریا.

(شەدە): مشکی، پارچەیەك قوماشە بۆ سەری ژنان.

(شەرمن): بە حەیا، بەشەرم.

(شەرمۆ): کەسێك شەرم بکات.

(شەم): مۆم، یەکەم ڕۆژی هەفتە.(ئەی شەمی شەوان ئەی شەمی شەوان...ئەی شەمی بەشەوق چلچرای شەوان)وەلی دێوانە.

(شەمیم): بۆن، خێرو خۆشی، (دەمێ نەفحەی نەسیمی خۆی، هەناسەی خۆش شەمیمی خۆی...لە ئەنعامی عەمیمی خۆی بەعالەم دا پەرێشانە)چروستانی.

(شەمێ): شەم، خڵتەی هەنگوین،

(شەماڵ): بای باکوور،(دڵ ئەرچی شەماڵ قەدیمی یارەن....پەی شنۆی زەلان یار جە نزارەن)مەولەوی.

(شەمام): کاڵەکی بچووکی بۆن خۆش.

(شەمزین): ناوچەیەکە لە کوردستانی باکوور.

(شەمێران): پێك گەیشتن، ناوی عەشیرەتێکی کوردە لەنزیکی سنووری ئێران و عێراق.

(شەنگە):جوان و لەبار،(کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ... تا کەنگیٚ دەبی وا بیٚ هەست و دەنگ)هێمن.

(شەنگین): جوانی و لەبار.

(شەندە): ڕەشباو.

(شەوبۆ): گوڵێکە ڕەنگ وەنەوشەیی لەشەواندا دکرێتەوە.

(شەودێر): ئاودێری بەشەو.

(شەوچرا): چرای شەوان، (شەوچرای دیوەخانمی...گوڵ وەنەوشەی باخانمی)فۆلکلۆر.

(شەوێن): ڕەش بەڕەنگی شەو.

(شەهێن): ناوی دارێکە، جۆر باڵندەیەکە.

(شیراز): جۆرە دارێکە ، ناوچەیەکە لە ئێران.

(شێرکۆ): بەچکەی شێر.

(شێرزاد): نەوەی شێر.

(شیرین): خۆش، لەبەر دڵ.

(شیلان): بەری دارێکە، جۆرە بەردێکی بەنرخە.

(شێنە): لەسەر خۆ، سروە.

(شێنیٚ): ئاسوودەیی.

(شێخان): گەورە، جۆرە هەڵپەرکیٚ یەکی تایبەتە، جۆرێکە لە سیاچەمانە.

(شێواز): شێوە، ڕاهاتن.

(شێوە): شێواز، شکل.

(شەیدا): دێوانەیی. عاشق بوون،(بە چاوان غەمزەو و ئیما مەفەرموو... بەقەتڵی عاشقی شەیدا مەفەرموو)وەفایی.

(شنرۆیٚ): ناوی شاخێکە لە نزیکی هەڵەبجەی شەهید.

(شازاد): نەوەی پادشا.

(شاهۆ): چیایەکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، نازناوی شاعیری کورد (مەلاحەسەنی شاهۆ)یە.

(شیاو): لەبار، قابیل، گونجاو.

(شاکێو): شاخی بەرز.

(شاهێز): زۆر بەهێز، زۆر بەتوانا.

(شیروان): شیرەوان، ئەوەی بە شمشێر دەجەنگێت.

(شێروانە): ناوی مەڵبەندێکە لە نزیك شاری کەلار لە گەرمیان.

(شیکار): شیتەڵکردن، ڕوون کردنەوە.

(شیوا): وتەی ڕوون و ئاشکرا.

(شاندی): ڕەوانە کراو.

(شوانکار): ئەوانەی مەڕو ماڵات بەخێو دەکەن، ناوی عەشیرەتێکی کوردە.

(شازان): لێزان.

(شالور): بولبول بالّندەی دەنگ خۆش.

(شەمەند): شۆخ، جوان.

(شەنیەر): ئەو کەسەی کاری گوێز تەکاندنە بەدارەوە.

(شەلەنگ): کەسێك بەلەنجەو لار بڕوات.

(شاکۆ): کێوی بەرز.

(شاباش): پاداشت، بەخشش، پیاهەڵدان.

(شلك): جۆرە میوەیەکە لەشێوەی شاتوو.

## ف

(فامیدە): تێگەیشتوو، بەفام.

(فرزەند): نەوە، ڕۆڵە.

(فروزان):تیشك دەر.

(فرسەت): هەل ، دەرفەت.

(فەرهاد): ناوی ئەو عاشقەی کێوی بێستوونی هەڵکۆڵی. بەکەسێك دەڵێن کەرەنجی بەبا بڕوات.(ڕەنجەکەم بوو بە ڕەنجی فەرهاد)پێشینان.

(فەرهەنگ): ژیر، کتێبی زاراوەکان، جاران بە ڕۆژئاوا دەوترا (فەرەنگ).

(فەرەیدون): ناوی پادشایەکی ئێرانی بووە .

(فەردین): گەورەیی لەبەرچاو.

(فێنك): سازگار.

(فریشتە): مەلائیکەت.

(فرمێسك): ئەسرین، ئاوی چاو.(چرا ئەمشەو کەوا فرمێسك دەڕێژیّ...دەڵێی هەر بۆمنی پەروانە ئەگری) بێخود.

(فیراز):سەر بەرز، سەر فراز.

(فەیروز): جۆرە مووروویەکی بەنرخ و گرانبەهایە.

(فەرمان): ئەرك، کار.

(فریاد): بەتەنگەوە هاتن.

(فەهرەست): ناوەڕۆك.

(فەرزین):وەزیر.

(فەرزاد):فەر ڕ زاد، ئەوەی لەگەڵ لەدایك بوونی خۆشی دەهێنێت.

(فەژین): ژیانەوە.

(فریسك): جۆرە گوڵێکی دەشتییە لە وەرزی بەهاردا دەڕوێت.

(فەریا): بەهاناوە هاتن، فریا کەوتن.

## ڤ

(ڤاری): تەنیا، بێ کەس.

(ڤیان): عیشق.

(ڤارین): بارین.

(ڤان): ئەوانە.

(ڤەیرین):سوود، قازانج.

(ڤیار): کشتوکاڵ لەکاتی سەرمادا.

(ڤەژین): زیندوو بوونەوە.

(ڤەژەن): تاوی گەرما.

(ڤینا): ئێوە بەزمانی کوردی باکوور.

(ڤینۆس): پەرستراوێکی یۆنانی یە.

## ق

(قارەمان): پاڵەوان، ناوی گوندێکە لەناوچەی قەرەداغ.

(قاسپە): دەنگی کەو.

(قومری): باڵندەیەکی بچکۆلەی ڕەنگ شینە.

(قەدەم خێر): ئەو کەسەی پێ بەخێربێت، ناوی میرێکی کوردە.

(قەسرێ): ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(قەیوان): ناوی دوو گوندی ناوچەی شارباژێرە.

(قەندیل): ئەو چرایەی کە هەڵدەواسرێت، ناوی شاخێکی بڵندی کوردستانی باشوورە.

(قوباد): نایو یەکێکە لە پادشا کۆنەکان.

(قەیسەر): نازناوی پادشای کۆنی ڕۆم بووە.

(قابیل): شایستە، یەکێکە لە کوڕەکانی حەزرەتی ئادەم پێغەمبەر.

(قشلاخ): شوێنی زستان.

(قوربان): فیداکردن، (وەرە قوربان لە سەیری جەژنی قوربان...سەماوەر پڕ لە نارو خانە بێ نان)قانع؟

(قەشەنگ): زۆر جوان.

(قەیتوول): ناوی گوندێکە لە ناوچەی گەرمیانی کوردستانی باشوور.

(قەراو): ئاونگ، شەونم، ئاوی سەر گوڵ و گیا.

(قەڵبەز): هەڵدێر.

## ك

(کاردۆ): بنەچەو ڕەگەزی میللەتی کورد.

(کاردۆخ): جۆرە گیایەکی دەشتییە لەشێوەی گوڵدایە. ناوی شاخێکی بەرزە.

(کارزان): کار جوان، فامیدە لەکارو ئیشدا.

(کارناس):شارەزا،

(کاروان):قافـــڵـــــە،

(کارێز): ئەو ئاوەیە کە لەژێر زەوی دێتە دەر.

(كاربين): تاقەت و هێز.

(كاركۆ): كارێكی بەسوودو قازانج.

(كابان): ژنی ماڵـــــــەوە.

(كارا): چالاك، زیــــــرەك.

(كارامە): لــــێهاتوو لەكاردا.

(كاروس): ئامـۆژگاری ئاینی.

(كازیوە): بەرەبەیان،

(كاژاو): ناوی شاخێكە، (گەرمیان سەر گەرم قەرەداخ بێ داخ...گۆیژە فەرەحمەند كاژاو پڕ دەماخ)قانع.

(كاشمە): ناوی جۆرە گیایەكی بەهارییە.

(كاشان): شوێن گێڕان، ناوی شارێكە لە ئێران.

(كاڤار): مەڵبەند، ناوچە.

(كاكی): برای گەورە، تەختانی، دەڵێن:( دەشتی كاكی بەكاكی).

(كالۆ): باوك.

(كالوخ): ئەو بەرگەی كە لە قورئانیان دەگرت.

(كاڵە): نەگەیوو، ڕەنگی كاڵ.

(كاڵێ): سپی پێست، چاوكاڵ.

(كامەران): خۆشـــــحاڵ شادومان.

(كامیار):شادو بەختــــەوەر. ناوێكی ئێرانییە.

(كانی): ســــــەرچاوەی ئاو، چەشـــــــمە.

(كانیاو):ئەو ئاوەی لە كانی دێتـــە دەر.

(كاوان): شــــاخەكان، چیاكان.

(كاوە): ناوێكی كۆنی كوردی یــــە.

(كاویان): گریــــانێك بەدەنگی نزم.

(كاسۆ): هەژار.

(كردار): ئاكار، ڕەفتار.

(كرمان): بچوككراوەی ناوی كرمانج. شارێكی ئێرانە.

(كرمانج): كورد، شیچوە زاری كرمانجی.

(كرێكار): كرێگرتە، ئەوەی لەبری كرێیەك كارێك دەكات.

(كنێر): جۆرە گیایەكی بۆن خۆشی بەهارییە.

(كۆچەر): ڕەوەند، كۆچەری.

(كۆچی): ساڵی مێژووی كۆچ كردنی پێغەمبەرﷺ.

(كوردستان): نیشتمانی كوردەكان.

(كوردۆ): ناوی دەوڵەتێكی كوردی كۆنە.

(كۆسار): ناو شاخ.

(كۆساران):ناو شاخان، (نەرگسی چاو كاڵ دەمەو بەهاران....كە ئەڕوێن لـە لای دەشت و كۆساران)هەژار.

(كۆسرەت): ناوی شاخێكە لـە كوردستان.

(كۆسالآن): ناوی گوندێكە.

(كۆشان): هەوڵدان، تێكۆشان.

(كۆمار): عەشرەت،خەڵك، جۆرە سستمێكی فەرمانڕەوایی یە.

(كلّپە): تینی ئاگر.

(كەتان): گیایەكی باڵا بەرزە.

(كەژ): كێو، دەشت.

(كەزیّ): پرچ.

(كەزین): جۆگەی ئاوی داپۆشـــــراو.

(كەژاڵ): ئاســـــــــك. زۆر جوان.

(كەژاوە): تارای ســــــەر بووك.

(كەژیّ): بچووككراوی ناوی كەژاڵە، شاخێك.

(كەلان): جوانی تەواو.

(كەنار): تەنیشت،لێواری دەریا.(فەرمووتە كە بانگم كە شەویّ دێمە كەنارت...قوربان وەرە شەو ڕۆیی ئەوا وادەیی بانگە)نالی.

(كەناو): ئاودێر.

(كەنیلە): كچ.

(كەویّ): پۆشاكێكی ژنانەیە لـەسەر شێوەی كەوایە.

(كەویار):جۆر گۆرانیەكی كوردییە، یاری جوان.

(كەیوان): بنـــــەوانەی ماڵ ، كابان.

(كیژان): كچان، تایبەت بە كچی بچكۆلانە.

(كێوسار): كێوان، شــــــاخان.

(كۆژیر): هـــــــەموو ژیری.

(كۆژین): هـــــەموو ژیان.

(كاردۆنیا): ناوی یەكێكە لـە دەوڵەتانی كوردی.

(كوردەمیر): میری كوردان، ناوی گوندێكە لـە ناوچەی گەرمیان.

(كەوشەن): سنوور، نێوان.

(كریشمە): ناز.

## گ

(گاڤان): شوانی گاران، پیاسەكردن.

(گاوان): عەشیرەتێكی ناوداری كوردە، شوانی ڕەش ولاّخ.

(گارە): ناوی شاخێكی كوردستانە، دەنگی مامری هێلكەكەر.

(گلاره): دەنكی ترێ، بینایی چاو.

(گلار): چەمی بچكۆلانه.

(گلیار):گوڵی نەپشكوتووی داری هەنار.

(گلێنه): ڕەشایی نێو چاو، ناوی گوندێكه.

(گۆران): تیرەیەكی گەورەی كوردە، شێوە زارێكی كوردی یە، نازنای شاعیرێكی ناوداری كوردە.

(گورجی): گورج و گۆڵ.

(گوشاد): فراوان، كراوە.(بەفەزڵ و كەرەم ڕەحمەتی عامت...گوشادكە تەنگی بەندەی ناكامت)شاهۆ.

(گۆشان): گوشین.

(گۆڤار): جۆرە بلاّو كراوەیەكە.

(گۆڤان): شوێنی فراوانی یاری كردن.

(گۆڤەند): زەماوەند، شایی.

(گولاّڵه): گوڵن مێلاقه.

(گولاّن): ناوی مانگی دووەمی ساڵی كوردییه. ناوی چەند گوندێكی كوردستانه.

(گوڵبەند): چەپكە گوڵ.

(گوڵبەهار): گوڵە سورەی بەهار.

(گوڵچین): دەسكەنەكردنی گوڵ (لەسەر بەرگی گوڵێكی باخی حوسنت...هەزار گوڵچینـی بێ بەرگ و نەوا چین)نالی.

(گوڵبین): تەماشاكردنی گوڵ ئەو كونەیە لە كۆتایی تەنوردا هەیە بۆ هەوا.

(گوڵزار): گوڵجاڕ، دەشتی گوڵ (لە كن تۆ خارو خەس گوڵزارە بێ من...لە لای من خەرمەنی گوڵخارە بێ تۆ)نالی.

(گوڵستان): باخچەی گوڵ. ناوی بەرهەمێكی سەعدی شیرازییه.

(گوڵشەن): گوڵجاڕ، دەشتی پڕ لە گوڵ.

(گوڵشا):گەورەی گوڵان.

(گوڵڕوو): شێوەی وەك گوڵ.

(گوڵەندام): ئەندام لەشێوەی گوڵ (گوڵەندام ئەی تەنافی گەردنم زوڵفی پەریشانت...)وەفایی.

(گوڵەباخ): گوڵێكی تایبەتی لاسكی دڕكاوییه.

(گوڵێ): تەنها یەك گوڵ.

(گوڵنار): گوڵی هەنار، گوڵی ئاگر مەبەست ئاگری چرا و مۆمه.

(گوڵناز): گوڵی ناز ناز.

(گوڵنیشان):گوڵێكی سووری بێ بۆنه.

(گۆنا): ڕوومەت. كوڵم.

(گۆیار): ئەو كەسەی پاسەوان و ئێشكگری قەلاّ دەكات.

(گۆیان): هۆزێكی كوردە لە كوردستان، ناوی گوندێكه.

(گەردە): گوڵینگی ئاورێشمی.

(گوزار): كار پێكهێنان.

(گەردوون): زەمانه، (گوڵی حاجیلەكانی دەشتی هاموون...نەكەی بیدەی بە نەرگسجاڕی گەردوون)حاجی قادری كۆیی.

(گەردانە): جۆرە خشلێکی ژنانەیە.

(گەردی): هۆزێکی کوردییە لـە کوردستانی باشوور.

(گەرمیان): گەرمەسێر، ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانی باشوورە.

(گەزیزە):یەکەمین گوڵی بەهار.

(گەزۆ): جۆرە شیرینییەکی سروشتیە.

(گەزنە):ناوی گوندێکە لە ناوچەی هەولێر.

(گەشە): نەشونوماکردن، شادی و خۆشی، باڵاکردن و گەورە بوون.

(گەشتی): پێگەیشتوو، سەیران.

(گەشتیار): گەڕیدە، ئەوەی دەچێتە گەڕان.

(گەوهەر): جۆرە بەردێکیی بەنرخە.

(گەشاو): گوڵی گەشاوە، کرانەوەی خۆشی.

(گەشبین): ئەندێشەی پاك و جوان، گومانی باش بردن. بڕوا بەخۆ بوون.

(گەلاوێژ): ناوی ئەستێرەی بەرەبەیانە کە زۆر گەشە، یەکێکە لەمانگە کوردیەکان.

(گەلیار):عەشیرەتێکی کوردە.

(گەنجی): لاوی ، دەستەلاٌت، گەنجینە،(لەدڵدا یادی گەنجی کێیە بێخود...کە ئەمشەو نۆبەتی جانانە ئەگری)بێخود.

(گێلاس): جۆرە میوەیەکی ڕەنگی سوورە.

(گێلان):گەڕان.

(گەشتیار): گەڕیدە، ئەوەی دەگەڕێت.

(گوزیدە): هەڵبژاردە.

(گزنگ): تیشکی رۆژ لە بەربەیان.(لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان...گزنگی دا سپیدەی باغی سێوان)نالی.

(گەردش): چەرخ و زەمانە.

(گەردین): هەموو ، تێکڕا.

(گمۆ): ناوی چیایەکە لە کوردستانی باشوور.

## ل

(لارا): بەلەنجەو لار.

(لارە): گریانی توندی منداڵ.

(لارۆ): دیمەنی ڕوخسار لە تەنیشتەوە.

(لالۆ): خالۆ، برای دایك.

(لازیان): ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(لاژە): گۆرانی.

(لاس): گەنجی جوان، عاشقەکەی خەزاڵ.

(لاڤە): گەنج، لاو، پاڕانەوە.

(لاڤین): بزووتن، جولاّن.

(لالـە):جۆر گولـێکە، شوێنی مۆم، شەمعدان.

(لالـەزار): گولـجاڕ، شوێنی گولّ.

(لانە): هێلانە،شوێنی حەوانەوە:( غەزاڵی من ئەگەر ساتێ نەبینێ...بیابان قوڕ دەپێوێ لانە ئەگری)بێخود.

(لانۆ): شوێنی شێر، لانەی شێر.

(لاوە): گەنج، لاو، پاڕانەوە.

(لازۆ): ئەی جوان، ئەی لاو.

(لاوچاك): گەنجی چاك، گەنجی پێگەیشتوو.

(لاوان): گەنجان، هەرزەكاران.

(لانكۆڵ):بێشكە.

(لانكێ): لانكی منداڵ كەلـەدار دروستی دەكەن.

(لاولاو): جۆر گولـێكە چەند ڕەنگی هەیە، لاسكەكەی زۆر دەڕوات.(كێ هات لاولاوی بەدارا ئالاّند... كـام دەسـت گـەرنی وەنەوشـەی شكاند)پیرەمێرد.

(لاوك): گۆرانی درێژ، لاوك و حەیران.

(لاوێن):نەمامی داری بی، چلّە بی ناسك، لاواندنەوە.

(لڤین): جوولّە، بزاوتن.

(لوان):ڕۆشتن، گەشت.

(لۆتەر): گـــورج و گۆڵ.

(لۆلان): نـــاوی گوندێكە.

(لۆنە): تاڵ ، داو.

(لـەبار): شیاو، ڕێك.

(لـەرێ): جـــــــــولاّن.

(لـەشكر): سوپا، ئۆردووی سەرباز.

(لـەنجە): ڕۆشتنی كەون ڕۆشتنی هەرشتێك نازی پێوە دیار بێت.

(لـەنگین): لـەرین. لـەرزین، خوار بوون.

(لـەوەند): لاوو گەنجی جوان.

(لـەوین): بژوێن، شوێنێك گژو گیای زۆ بێت.

(لـەیلان): دەشت و چۆڵ، بیابان، ناوی شارۆچكەیەكە لـەنزیكی كەركوك.

(لیا): چەپكە گولّی بازنەیی.

(لیان): جوولاّن.

(لیمۆ): میوەیەكی ترش و بۆن خۆشـــــــــە.

(لیزان): زیرەك، شارەزا.

(لێوان): پڕ، شەربەی شوشـــــە.

(لەنیا): شنەی با، لەنجە.

(لەرین): جولاّنەوە.

(لەزگین): ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین.

(لهۆن): ناوچەیەکی هەورامانە.

(لۆلان): پێچ خواردن، ناوی گوندێکە لە کوردستان.

## م

(ماردین): ناوی شارێکە لە کوردستانی باکوور.

(مادیا): دەولّەتی ماد.

(ماکوان):ناوی چیایەکە لە ئێران.

(ماکۆ): پەناگە، شوێنی کۆبوونەوە.

(ماکۆك): ناوی چیایەکە، پەلە گیا.

(مازان):گەورە.

(مازیار): جوان و گەورە.

(مازین):گەورە، مەزن.

(مامران): ناوچەیەکە لە گەرمیان، ناوی گوندێکی گەرمیانە.

(مانی):وێنەکێشێکی بەناوبانگی ئێرانییە ئێرانی، (مانی نیەتی قوەتی تەسویری برۆی تۆ... ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەکشاوە!)نالی.

(مژدە): مزگێنی.

(مرواری): بەردێکی جوان و بەنرخە.

(موکری): نەترس، ناوی هۆزێکی کوردە، نازناوی شاعیرێکی کوردە.

(موکریان):ناوچەیەکی کوردستانی ڕۆژهەلاّتە.

(مەهاباد): ناوی ناوچەیەکە لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت، یەکەمین کۆماری کوردە.

(مەبەست): نییەت، ئامانج.

(مەردان):پیاوان، (کوردستان موڵکی گەلی کوردانە...جێگای ئارامگای شێری مەردانە)شاهۆ.

(مەروێ): ناوی گوندێکە لە شارباژێر.

(مەریوان): ناوی شارێکی سنووری کوردستانی ڕۆژهەلاّتە.

(مەرزی): گیایەکی کەژیی بۆن خۆشە.

(مەرین): ناوی هاوینە هەوارێکە لە کوردستانی باشوور.

(مەزار): شوێن، شوێنێك کە زیارەت بکرێت.

(مەزرا): کێلّگە، جێگەی شت لێ چاندن.

(مەم):ئەویندارى بەناوبانگى زین، (نەما خانى هەتا چیرۆكى عەشقى ئێمـە داریـژێ... دەنـا هێـشتا لـە كوردسـتان دەژیـن زیـن و مـەمێكى تر)هێمن.

(مەمۆ): ناوێكى پیاوانەیە.

(مەندان): گوندێكە لـە كوردستانى باشوور.

(مەندە): ئەوەى دەمێنێتەوە، ناوێكى پیاوانەیە.

(مەندێ): گیایەكى كوێستانییە تێكەڵى پەنیرى دەكەن.

(مەنێ):جۆرە گیایەكە.

(مەیرەم): مەریەم.

(مەیدان): گۆرەپانێك كەمێك گەورە، شوێنێك بۆ كۆبوونەوە.

(مەودا):نوكى خەنجەر، نێوان دوو شت.

(میر): سەرۆك، جۆرە دەستەلاٌتێكە لەشێوەى پادشایی.

(میران): نازناوى میرەكانە، ناوى گوندێكە.

(مینا): شوشە، (لالـەو وەنەوشەو نەسرینە....رەیحانەو مینا چین چینە)حەمدى.

(میوان): مەیمان، رێبوارێك لـەماڵێكدا.(میوان خۆش هاتى سەفا هاوردى...خەم و پەژارە لـەدڵ لابردى)فۆلكلۆر.

(مەمەند):ناوێكى پیاوانەیە.

(مەهتاب):مانگە شـــــــــەو.

(مەهیار): هاورێى مانگ، دۆستى مانگ، ئەو ناوانەى بە مەه دەست پێ دەكەن زۆربەى ناوێكى فارسىیە.

(میهرەبان): دلاٌوا، دڵ نەرم، بەسۆز.

(میركۆ):شاخى گەورە، گەرووى میران.

(میرە): میران، سەرۆك.

(میرخان): میرى خانەدان، میرى دەستەلاٌتدار.

(میرخاس): سەركردەى چــــــاك، پیاو چاك.

(میرداد): میرى و سەركردەى دادپەروەر.

(میدیا): ناوى دەستەلاٌتدارێكى كوورد بووە لـە مێژوودا.

(میرشاد): میرو سەركردەى بەختەوەر.

(مەستورە): دایۆشراو، نازناوى ژنە شاعیرێكى بەناوبانگى كوردە.

(مەستى): مەست بوو. بێ ئاگا، (نەخۆش و مەستى دوو چاوى كاڵم...حەقم بەدەستە ئەگەر بناڵم)وەفایی.

(مەهناز): نازى مانگ، كریشمەى مانگە شەو.

(مزگێنى): مژدە، مـــــــــزگانى.

(مەندان): خاوەندارى.

(مەستان): جوان و شێوە شیرین، مەست بوو.

(مێرگ): چیمەن، زەوىیەك هەمیشە گیاى سەوزى لێ بێت و تەڕ بێت.

(میراو): كارى ئاودارى، ئەوكەسەى رێڕەوى ئاو دەگۆڕێت.

(مەزێ): ناوى گوندێكە.

(مەدهۆش): سەرسام، نازناوی شاعیرێکی کوردە.

(مەکۆ): پەناگا، دامەنی چیا.

(مەڵبەند): ناوچە، چەق.

(میلان): ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(مۆدان): ناوی هۆزێکی کوردی زازایە.

(موان): ناوی هۆزێکە، ناوی چەند گوندێکە لە ناوچەی شارەزوور.

(مەنگۆر): قەیرە کچێکی شوو نەکردووە، ناوی عەشیرەتێکی کوردە.

(مەسۆ):کورتکراوەی ناوی مەنسوورە، ناوی چەند گوندێکە لە ناوچەکانی سەنگاو و قەرەداخ و پێنجوێن.

(مەرام): داخوازی، ویستی ناو دڵ.

(میوە): بەری تام خۆشی دار، وەکو (پرتەقاڵ سێو، ترێ، هەرمێ، لیمۆ، هەنار، قەیسی...هتد).(وتی میوەی بەهەشتە شیعری مەحوی....خودا نەبڕێ لە باغم داری بەردار)مەحوی.

## ن

(نارنج): جۆرە میوەیەکە لەشێوەی پرتەقاڵ.

(ناردین): گیای حەسیر،گژو گیایەك کە حەسیر و هەندێك شتی تری لێ دروست دەکرێت.

(نارێ): ناوێکی ژنانەیە.

(نارین): جۆر گۆرانییەکی خەمبارانەیە، ژنی شەرمن.

(ناز): بەناز، عیشوە.(قڕەو زیرەو چریکەو ناڵەوو هاواری ئەو خۆشە...قڕو قەپ بوونی دەعیەو نازو لەنجەو لاری ئەم جوانە)چروستانی.

(نازدار): خۆشەویست، جوان، بەناز.

(نازێ): بە عیشوەیەك، نازەنین.

(نازگوڵ): گوڵناز، نازی گوڵ.

(نازە): بچوککراوەی ناوەکانی (نازدار و نازەنین و نازێ و نازناز)ە.

(نازناز): گوڵێکە چەند ڕەنگی جیاوازی هەیە.

(نازەنین): نازدار، ناوی ناوچەیەك و گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(نازین): شانازی کردن.

(ناسکۆڵ): ناسك و بچکۆلانە.

(ناسك): نەرم و نیان.

(ناسکە): ناسك، شتێك کەم بەرگری هەبێت.

(ناسیار): ئاشنا، ناسیاو.

(نالی): نازناوی شاعیرێکی گەورەی کوردە.

(ناڤدار): ناودار، بەناوبانگ.

(ناودار): بەناوبانگ.

(ناڤگە): شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو چەم.

(ناڤین): مام ناوەند، ناوەڕاست.

(ناکام): بێ مراد، بە ئامانج نەگەشتوو، نەگەیوو.

(ناودەشت): پێ دەشت، ناوچەیەکە لە کوردستانی باشوور.

(ناوکۆ): لەناو خەڵکیدا، بەش نەکراو.

(ناوەند): نێوەند، ناوەڕاست.

(ناهی): جۆرە گیایەکە گوڵەکەی لە ئەستێرە دەچێت، ناوێکی ژنانەیە.

(نایاب): چاك، باش.

(نامی): ناسراو، نازناوی زانای گەورە(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ە.

(نزا): دوعا، پاڕانەوە.

(نما): دیمەن، نوێژ بە شێوە زاری هەورامی.

(نزار): شوێنێکە لەبەرزی شاخان.

(نزارە): ناوی گوندێکە لە ناوچەی پێنجوێن.

(نزاران): ناو بەرزی شاخان.

(نزارێ): بڵندی شاخێك.

(نژوە): داڕشتنی نووسین.

(نسار): ئەو جێگەیەی کە خۆرەتاوی بەر ناکەوێت.

(نڤار): داهێنان، تازەکردنەوە.

(نگین): بەخت، نقێم، موستیلەکەی سولەیمان پێغەمبەر،(تۆ بە مێروولەی زەعیف ئیشی سلێمانێ ئەکەی....خاتەمی مۆری نگینت کردە دەست دێوی هەیا)قانع.

(نیگار): شێوە، ئەو وێنەی بدەست دەکێشرێت.

(نێرگز): گوڵێکی بەهاری زۆر بۆن خۆشە.

(نیگا): ڕوانین، تەماشا کردن، وەحی.

(نمایش): دەرخستن، نیشاندان.

(نمە): بارانی لەسەرخۆ، نەرم.

(نواڵە): ئەو شوێنەی لەچیادا هەتاو لێی نادات،(گەڕاوم چۆم و نواڵە مێرگ و بژوێن... بەماه و زەردی ئەستەم هەڵگەڕاوم)هێمن.

(نۆدێ): گوندی تازە، ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(نۆژەن): تازە کردنەوە، نوێ بوونەوە.

(نوقڵە): شیرین، بە منداڵێکی وردیلانە دەوترێت.

(نونو): شتێکی زۆر تازەو نوێ.

(نونە): دانوولە.

(نیهال): لـــــقی درەخت.

(نیهاد): دڵ و دەروون.

(نەبەرد): ئازاد، کەســـێکی بەجەرگ.

(نەبەز): كۆڵنـــــــــــــەدەر، سەركەوتوو.

(نەجیب): ڕەسەن، چـــاك.

(نەخشان): نەخشكردن، ڕەنگكردن.

(نەخشین): ڕەنگاو ڕەنگ و جوان.

(نەرمە): ناسك.

(نەرمۆڵ): زۆر نـــــــــــەرم و نیان.

(نەزیرە): چیرۆكی كورت.

(نەژاد): نەوە، ڕەچەڵـــــەك.

(نەسرەت): یارمەتی خوایی، پشتیوانی.

(نەسرەو): نەسرەوت، نەبەزیوو، كۆڵنەدەر.

(نەسیم): شنەبای بەرە بەیان.

(نەسرین): گولێكی بۆن خۆشە ڕەنگی زەردە.

(نەشمیل): جوان دلڕفێن.

(نەغمە): ئاواز، چریكەی بولبول گۆرانی.

(نەغدەدە): شارێكی كوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

(نەكەرۆز): شوێنێكی زۆر سارد، ناوی ناوچەیەكە لە كوردستان.

(نەمام): درەختی تەمەن یەك ساڵ.

(نەمرود):ناوی چیایەكە لە كوردستان.

(نەوا): دەنگ و ئاواز.

(نەورۆز): ڕۆژی نوێ، یەكەم مانگی ساڵی كوردییە.

(نەوزاد): منداڵی نوێ، نەوەی تازە.

(نەوژین): ژینی نوێ.

(نەوێ): نزمایی، ناوی گوندێكە لەبناری شاخی سورێن لە شارەزوور.

(نەزاكەت): لەسەر خۆ، پاك و بێ گەردی.(سەر دەرە بێ خەم تاریدەر پڕ گوڵ...گوڵ بە نەزاكەت نیشت لەبانی چڵ)قانع.

(نەهری): ناوچەیەكە لە كوردستانی باكوور. شوێنی ناوداری گەورە (شێخ عوبێدوڵڵای نەهری).

(نەهرۆ): ناوی سەركردەیەكی وڵاتی هیندستانە.

(نەهلە): ناوی گوندێكی كوردستانی باشوورە، گوندێك لەناو دەشتێكی فراواندا.

(نیا): ڕواندن سەوز بوون.

(نیاز): كەبەست، واتا.

(نیار): كەسێك لەسەر شانۆ نمایش بكات.

(نیان): نەرم، نەرم ونیان.

(نێچیر): ئەو شتەی كە ڕاوچی ڕاوی دەكات.

(نێچیرڤان): ڕاوكەر، شكار.

(نیسان): مانگی چوارەمی ساڵی زاینییە.

(نیشان): ناونیشان، خاڵی خواکرد لەسەر لاشە.دەستنیشان کردن.

(نیشتمان): وڵات، زێد.

(نێوەند): ناوەڕاست، ناوەند.

(نامۆ): غەریب، بێگانە:( نامۆ بوونە داگیرکەرمان...پاروویان فڕاند لەبەرمان)هەژار.

(نم نم): دڵۆپ دڵۆپ، بارانی لەسەر خۆ.

(نوێکار):ئیش و کاری تازە.

(نەریمان): ناوێکی فارسی کۆنە.

(نەوزەر): زێڕی نوێ، ناوی پادشایەکی مادە.

(نەشوان): بەختیاری، شادی و کەیف.

(نەوشیروان): ناوی پادشایەکی ئێرانی کۆنە بە دادپەروەر ناوبانگی دەرکردووە.

(نورسی): ناوی گوندێکە لە کوردستانی باکوور، نازناوی پیاوچاکی کورد (سەعیدی نورسی)یە.

(نەورەس): تازە پێگەیشتوو، ناوی باڵندەیەکە بەزۆری لە نزیك دەریاکاندا دەژین.

(نەوژیر): بیری نوێ، ژیری تازە.

(نوخشە): پیرۆز کردن.

(نشێو): شوێنی ســـــــــەربەرەو ژێر.

(نشین): شوێنی ناسراو، نیشتن.

(نەهرەوان): ناوچـــــــــەیەکی بەرفراوانی وڵاتی ئێرانە.

## و

(واران): باران.

(وارین): بارین، داکردنی باران.

(واژە): وتە، دەنگی لقی درەخت لەبەر با، ناوی گوندێکە لە کوردستانی باشوور.

(وان): ناوی دەریاچەیەکە لە کوردستانی باکوور.

(وازێ): یاری کردن.

(واژین): داڕشتن.

(والا): کالا، ئالاو والا، کرانەوە.

(وردبین):کەسی بەهۆش و بیر، وردکار.

(ورشە): بیرقە، پرشنگ.

(وریا): زیرەك، بەئاگا.

(وچان): پشوویەکی کـــورت، ئیسراحەتی کەم.

(وڵات): نیشتمان، زێد.

(وەرزێر): وەرزیار، جـــــــووتیار.

(وەرزی): بەرزی ، بڵندی.

(وەفا): بەئەمەك، وەفادار.

(وەنەوشە): ناوی گوڵێکە، ڕەنگێکی تێکـــــــــەڵە لە دوو ڕەنگ.

(وێژە): هۆنراوە، وتە، ئەدەب.

(وێژەر): زانا و نووسەری دڵتەڕ.

(وێژان): وتن، قســــــــــە کردن.

(وێژا): کەسی زۆر قسەزان، کەسی زمان پاراو.

(وێنا): شێوە.

(ولیان): پیاو چاك، ناوی گوندێکە لە قەرەداغ.

(وەکار): بەکار، لێهاتوو.

(وشیار): زیرەك، بەئاگا، هوشیار.

(وەشەن): خۆشە، چاك و باشە بەشێوە زاری هەورامی.

(وەشتی):تاسە، تامەزرۆ، باکووری.

## هـ

(هاژە): دەنگی گەڵاو دار و ئاوی چەم.

(هاژان):دەنگی تاڤــــــــگە.

(هالان): نەمامان، هانەدان.

(هانا): پەنا.

(هانە): کانی.

(هانی): ئەمە.

(هاوار): بانگ کردن بەدەنگی بەرز.

(هاوڕاز): هاوەڵ و دۆستی زۆر نزیك، خەمخۆر.

(هاوبەش): بەشــــــــــــــدار.

(هاوتا): وەکو یەك، شــــــــــــیاو.

(هاوسەر): ژن و پیاو، دوو دۆستی نزیك.

(هاوڕێ): برادەر، هاوسەفەر.

(هاوژین): پێکەوە ژیـان، هاوسەر.

(هاوەڵ): هــــــــــاوڕێ.

(هاوناز): هاو سۆز، هاوڕاز.

(هاوکار): پشتیوان لە کارێکدا.

(هاوسۆز): دوو ســـــــۆزدار بەیەکەوە.

(هاودەم): پێکەوە بوون.

(هیجران): کۆچکردن، جیا بوونەوە، ناوی شاعیرێکی کوردە.

(هەژان): ڕاتەکاندن، بەئاگابوونەوە.

(هەژار): نەدار، کەمدەست، نازناوی مامۆستای گەورە (هەژار موکریانی)یە، خاوەنی فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)یە، کە سەرچاوەی یەکـەمی ئەم کتێبەیە.

(هەورامان): ناوچەیەکە لـە هەردوو کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات.

(هەورام):کاتی دەرکەوتنی هەتاو، خەڵکی ناوچەی هەورامان.

(هەوێن): ئەوەی دەبێتە هۆکاری مەیین، (مەڵێن شیلاوگ ئەسڵی پەنیرە...فیتنە هەوێنـی نۆ قازان شیرە!)پیرەمێرە.

(هۆرە): جۆر ئاوازێکی تایبەتیە، هۆرەی جافی.

(هەڤاڵ): هاوڕێ، بەئەندامانی حزب و پارتەکان دەڵێن هەڤاڵ.(خودێ یەکە بی هەڤری و بی هەڤال..نەمە عزولـیە نەمرن نە زەوال)ئەحمەدی خانی.

(هەوری): پارچەیەك قوماشی ئاورێشمی تایبەتە بە سەرپێچی ژنان.

(هۆزان): شاعیر، هۆزەکان.

(هۆژیین): ڕاهاتن.

(هەنسك): فرمێسك.

(هۆشدار): بەئاگا هێنەر.

(هۆشەنگ): بیٚ نەوا.

(هۆشمەند): عاقـــــڵ، زیرەك و وریا.

(هوشیار): وشیار، ژیر.

(هۆڤار): تیشکی خۆر.

(هۆگر): خوو پێوە گـــرتن.

(هوما): پیرۆز.

(هۆنەر): شاعیر.

(هۆری): ناوچەیەکە لـە کوردستانی باشوور.

(هونەر): دەست ڕەنگینی لـە بوارێکدا.

(هەدان): ئۆقرە گرتن، ئارامی.

(هەتاو): خۆر، ڕۆژ.

(هەتوان): مەڵهەم، دەرمانی سەر برین.

(هەرزاڵ): کەپر و ساباتی ناو بێستان.

(هەناسە): هەوا، کـــاری هەڵمژین، گیان.

(هەرمیٚ): جۆرە میوەیەکی ڕشەنگ زەردی ئاودارە.

(هەردی): دەشتی، نازناوی ئەحمەد هەردی شاعیر،(هەر هەبی شاری نەبەردی و مەردی...جوانترین پارچە بەهەشتی هەردی)هەژار.

(هەستی): بەهەست، هەستکردن، (چۆن نەناڵیٚ ئەو دڵەی پڕ هەستی من.. چۆن لـە ئەژنۆ بنەوە دوو دەستی من) هێمن.

(هەژیر): جۆرە هەنجیرێکە.

(هەستیار):بەهەست.

(هەڵۆ): باڵندەیەکی چاوتیژی بەهەڵمەتە.

(هەلاڵە): گوڵێکە ڕشەنگ زەردو بۆنخۆشە.

(هەڵگورد): ناوی بەرزترین چیایە لـە کوردستان.(بەڵام هەڵگوردەو نانەویٚ..بەڵام کوردەو مافی دەوێ)هێمن.

(هەکاری): مەڵبەندێکە لـە کوردستان.

(هەڵبەست): هۆنراوە.

(هەڵوێست): ڕای سەربەخۆ.

(هەنگاو): هەنگاوی ڕۆشتن، قۆناغ.

(هەنگوین): هەنگین، دروستکراوی مێش هەنگ، زۆر شیرین.

(هەڵمەت): پەلاماردان، (هەڵمەتی شێر).

(هەڵکۆ): تەپۆڵکە.

(هەلین): بلّندی بکە، بەرزی بکە.

(هەنار): میوەیەکە، لـەقورئاندا ناوی هاتووە.

(هەموار): ڕێك خستن، ڕێك کەوتوو.

(هەوار): هاوار، شوێنی خێڵـەکان لـە زستاندا.

(هەوارگە): شوێنی ژیان لـە کوێستانەکان.

(هەواڵ): دەنگوباس، خەبەر.

(هەدا): ئارام، لـەسەرخۆ.

(هەدرێ): ناوی چیایەکە.

(هەرێز): چیمەن، مێرگ.

(هەیڤی): مانگ.

(هەینی): کۆتا ڕۆژی هەفتەیە، ڕۆژی پیرۆزی موسڵمانان.

(هێدی): لـەسەرخۆ، هێمن.

(هیران): ناوچەیەکی نزیك هەولێرە.

(هێژا): بەرێز، ڕێزدار.

(هێژار): بەرێز، ڕێزدار

(هێرۆ): جۆر گوڵێکە لـەدەشت دەڕوێت. ناوی گوندێکە.

(هێڤی): مانگ، ئاوات و ئومێد.

(هێشوو): بۆڵ بۆڵـە تری.

(هێڤار): ئێواران.

(هێلانە): لانەی پەلـەوەر.

(هێما): نیشانە، ئاماژە.

(هێمن): لـەسەرخۆ، ئارام، نازناوی شاعیری کورد هێمن مەهابادی.

(هیلال): مانگی یەك شەوە، (هەر مانگێ نەو بۆ حاڵم پەشێوەن...هیلالیش شێوەی ئەبرۆی تۆی پێوەن)مەولـەوی.

(هەمین): پێکەوە، ناوێکی ژنانەیە.

(هۆزار): دەنگ خۆش، گۆرانی بێژ.

(هاودڵ): بەدڵ یەك بوو، هاو ئارەزوو.

(هۆنیا): فرمێسك، (هۆن هۆن فرمێسك دێته خواریٚ).

(هۆكار): سەبەب، دەرەنجام.

(هەیاس): كەمەر، ناوی گوندێكی كوردستانی باشووره.

(هەردەوان): دەشتەوان، دەشتی.

(هەنیٚ): كەمێك، تۆزێك.

(هەوراز): سەرەو لێژی.

(هەژین): بەرامبەر، هەژان.

(هەژیر): هەنجیر، میوەیەكە چەندێن جۆری هەیە.

(هەرێم): ناوچە، مەڵبەند، چەند شارو گوندێك پێكەوە، (هەرێمی كوردستان).

(هەودا): داو، خولیا، تاڵ.

## ی

(یاد): وەبیرهاتنەوە، یـــادكردنەوە.

(یاداشت): بیرەوەری، یـــادەوەری.

(یادگار): یادەوەری، یاداشــــــــــت.

(یارە): دۆست.

(یارمەند): هاوڕیٚ ی نەمر.

(یاران): دۆستان، خۆشەویستان.(ئاخ یاران لـە كوێن؟ بۆچی بیٚ دەنگن...بۆ نایەن بۆ لام؟ ئەڵبەت پێلەنگن)قانع.

(یاسا): قانون، دەستوور.

(یاقۆ): كورت كراوەی ناوی (یعقوب)ە،ناوی شاعیرێكی گەورەی كوردە(سەی یاقۆ).

(یانی): نهێنی، هەروەكو، بەواتاز

(یاوەر): هاوەڵ هاوڕیٚ، (لـەو دەشت بیابانە ئەبیٚ یاوەری كیٚ بیٚ) بێخود.

(یەزدین): سوكەڵە ناوی (عزالـدین).

(یەكتا): بیٚ وێنە.

(یەڵدا): درێژترین شەوی ساڵ (شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو...كە دیدەم دوور لـەتۆ بیٚ نوورە ئەمشەو)نالی.

(یاسەمین): ناوی گوڵێكە.

(یەریڤان): ناوی شارێكی كورد نشینە لـە ولاٚتی ئازەربایجان.

(یەڤەن): جوان.

(یەمان): زۆر بەهێز، نەترس، جۆرە بەردێكی بەنرخە.

گوڵبژێرێك لـەو ناوانەی لـە قورئانی پیرۆزدا هاتووە

لە قورئانی پیرۆزدا چەندین ناوو وشەی جوانی واتاداری جوان هەیە کە زۆر گونجاوە وەکو ناو بەکار بهێنرێت، ئەوە بێجگە لەو نەوەدو نۆ ناوەی پەروەردگار کە بلاوە لەناو خەڵکیداو بە دانانی (عبد) واتە بەندە بۆ ناوەکانی پەروەردگار بەکاریان هێناوە وەکو:(عبدالله، عبدالرحمن، عبدالرحیم...هتد).

## گوڵبژێرێک لە ناوە قورئانییەکان

(ئایە): نیشانە،بەڵگە:﴿وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ﴾یس٤١.

(ئایات): نیشانەو بەڵگەکانی پەروەردگار: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾الروم٢١.

(ئادەم): باوکی بەشەرییەت، یەکەم ئادەمیزادو یەکەمین پێغەمبەر:﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ﴾البقرة٣٥.

(ئەبرار): چاکەکاران:﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ﴾المطففين٢٢.

(ئاسار): شوێنەوار:﴿قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَارَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾الأحقاف٤.

(ئەسما): ناوەکان﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاء الْحُسْنَى﴾ طه٨.

(ئیحسان): کرداری چاکە:﴿هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ﴾ الرحمن٦٠.

(ئەحسەن): باشترین و چاکترین:﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾التين٤.

(ئیرەم): ناوی هۆزێکە، باخچەی گوڵ: ﴿إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ﴾الفجر٧.

(ئەتراب): هاوسەری هاو تەمەن:﴿وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ﴾ ص٥٢.

(ئەرینا): نیشانمان بدە:﴿رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾البقرة١٢٨.

(ئیسلام): کۆتا ئاینی خوایی بۆ مرۆڤایەتی:﴿إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْياً بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾آل عمران١٩.

(ئەنهار): ڕووبارەکان: ﴿جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَن تَزَكَّى﴾طه٧٦.

(ئیلاف): هۆگری بوون:﴿لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ﴾قريش١

(ئیسرا): شەورەوی:﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ﴾الإسراء١

(ئەمانی): هیواو ئارەزوو:﴿ئاوات:﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ﴾ البقرة٧٨

(ئیکرام): ڕێزلێنان:﴿تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾ الرحمن٧٨

(ئەیوب): یەکێکە لە پێغەمبەران، نموونەی کەسێکی خۆڕاگر:﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ الأنبياء٨٣.

(ئەیام): ڕۆژگار:﴿ وَتِلْكَ الـأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾آل عمران١٤٠.

(ئەهوا): ئارەزوو:﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾الجاثية١٨

(ئاناء): کات: ﴿فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا وَمِنْ آنَاء اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَى﴾ طه١٣٠

(ئیلیاس): ناوی یەکێکە لە پێغەمبەران:﴿وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾الصافات١٢٣

(ئەحیا): زیندوو بوون: ﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾آل عمران١٦٩.

(ئەحمەد): سوپاسگوزار، ناوی پێغەمبەری ئیسلامە ﷺ:﴿وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾الصف٦.

(ئەیمەن): لای ڕاست: ﴿وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيّاً﴾مريم٥٢.

(ئەزکا): پاك و حەلاڵ: ﴿فَابْعَثُوا أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَاماً فَلْيَأْتِكُم بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَداً﴾ الكهف١٩.

(ئەدنا): کەمتر، نزیکتر: ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى﴾ النجم٩.

(ئازان): بانگکردن: ﴿وَأَذَانٌ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللّهَ بَرِيءٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ﴾التوبة٣.

(ئیبراهیم): باوکی پێغەمبەران: ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقاً نَّبِيّاً﴾ مريم٤١.

(ئەشهاد): شاهێدەکان کەمەبەست لە فریشتەکانە: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾غافر٥١.

(ئەعراف): ناوی دیواری بەهەشتە:﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الـأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْاْ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ﴾ الأعراف٤٦

(ئیمام): پێشەوا: ﴿وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَاماً قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ﴾البقرة١٢٤

(ئیسحاق):ناوی پێغەمبەرێکی خوایە: ﴿وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيّاً مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾ الصافات١١٢

(ئیدریس): یەکێکە لە پێغەمبەران: ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقاً نَّبِيّاً﴾ مريم٥٦

(ئەیکە):گەلەکەی حەزرەتی شوعەیب پێغەمبەر: ﴿وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ﴾ ق١٤.

(ئیشراق):سەرەتای ڕۆژ: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِشْرَاقِ﴾ص١٨

(ئەفنان):گەڵای جوانی درەخت: ﴿ذَوَاتَا أَفْنَانٍ﴾الرحمن٤٨

(ئازەر):باوکی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَاماً آلِهَةً إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ﴾الأنعام٧٤.

(بوشرا): مژدە و مزگێنی: ﴿هُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ﴾النمل٢

(بروج): پایە: ﴿وَالسَّمَاء ذَاتِ الْبُرُوجِ﴾البروج١

(بەیان): ئاشکرا بوون، بەلاغ: ﴿هَـذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ﴾آل عمران١٣٨

(بەدیع): داهێنەر: ﴿بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾البقرة١١٧

(بەیات): شەوگار:﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَاتاً وَهُمْ نَآئِمُونَ﴾الأعراف٩٧

(بونیان): دیوار، پەرژین: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفّاً كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ﴾الصف٤.

(بەهجەت): ڕازاوەو جوان: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاء فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾النمل٦٠

(بەنان):سەری پەنجە: ﴿بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ﴾القيامة٤.

(بەهیج): چاك و پەسەند: ﴿وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ق٧.

(بارز): ئاشکرا: ﴿وَيَوْمَ نُسَيِّرُ الْجِبَالَ وَتَرَى الْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَاهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَداً﴾الكهف٤٧.

(تەحیە): سڵاوکردن: ﴿أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً﴾الفرقان٧٥

(تائیف):کۆمەڵێك: ﴿فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ﴾ القلم١٩.

(تەقوا): خۆپارێز: ﴿أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى﴾ العلق١٢.

(تەنیا):نەنواندنی سستی و ماندوویی: ﴿اذْهَبْ أَنتَ وَأَخُوكَ بِآيَاتِي وَلَا تَنِيَا فِي ذِكْرِي﴾طه٤٢

(تووبا): درەختێکە لە بەهەشتدا، خۆشحاڵی بۆ ئەو: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ طُوبَى لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ﴾الرعد٢٩

(تاریق):ئەو ئەستێرانەی بەشەو دەردەکەون: ﴿وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ﴾الطارق١

(جیهاد): هەوڵدان و تێکۆشان: ﴿فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾الفرقان٥٢

(جەنەت): بەهەشت، باغ: ﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾الغاشية١٠

(جودی): ناوی ئەو چیایە کە کەشتی یەکەی حەزرەتی نوح پێغەمبەری لێ نیشتەوە، ئەو چیایە لە کوردستانە. ﴿وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾هود٤٤

(حەنان):سۆزو بەزەیی: ﴿وَحَنَاناً مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيّاً﴾مريم١٣

(حەیران):سەرگەردان: ﴿قُلْ أَنَدْعُو مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُنَا وَلاَ يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَى أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللّهُ كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَىَ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾الأنعام٧١

(حیکمەت): زانیاری و زانست: ﴿حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ﴾القمر٥

(حەکیم): شارەزاو لێزان: ﴿فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ﴾الدخان٤

(حوسنا): چاکەو باشە:﴿وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى﴾الليل٦

(حەیا):شەرم کردن: ﴿فَجَاءتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاء قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَاءهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾القصص٢٥

(حەیات):ژیان: ﴿يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ﴾غافر٣٩

(خالید): نەمری: ﴿خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً﴾الفرقان٧٦

(خولود):مانەوەی هەتا هەتایی: ﴿ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ﴾ ق٣٤

(خەلا):پێکەوە بوون: ﴿وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلاَ بَعْضُهُمْ إِلَىَ بَعْضٍ قَالُواْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَآجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ﴾البقرة٧٦

(دوعا): پاڕانەوە: ﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلاَةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاء﴾إبراهيم٤٠

(دونیا): دونیا، جیهان:﴿وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا﴾النازعات٣٨

(دانیە):نزیك، ئەوەی دەستی پێ دەگات: ﴿قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ﴾الحاقة٢٣

(دیار): ماڵ و شوێن: ﴿وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ هود٦٧

(دەنا): نزیك بوونەوە: ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى﴾النجم٨.

(دیهان): ڕەنگی سووری تێر: ﴿فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاء فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ﴾الرحمن٣٧.

(دەعوا): پاڕانەوە:﴿دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾يونس.١٠

(رەحمە): سۆزو بەزەیی: ﴿دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللّهُ غَفُوراً رَّحِيماً﴾النساء٩٦.

(رەحیق): شەرابی بەهەشت: ﴿يُسْقَوْنَ مِن رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ﴾المطففين٢٥.

(رەوزە): باخچە:﴿فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ﴾الروم١٥.

(راغیب): ئاواتە خواز:﴿عَسَى رَبُّنَا أَن يُبْدِلَنَا خَيْراً مِّنْهَا إِنَّا إِلَى رَبِّنَا رَاغِبُونَ﴾القلم٣٢.

(ڕیزوان): ڕازی بوونی زۆر:﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ﴾التوبة٢١.

(رەبوە): شوێنێکی بڵندو بەرز:﴿وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾البقرة٢٦٥.

(رەهین): بارمتە:﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾المدثر٣٨.

(رەسول): نێرراو:﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً﴾الفتح٢٨.

(زەکیە): پاك و بێ تاوان:﴿فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا لَقِيَا غُلَاماً فَقَتَلَهُ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْساً زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَّقَدْ جِئْتَ شَيْئاً نُّكْراً﴾الكهف٧٤.

(زەکەریا): یەکێکە لە پێغەمبەران:﴿ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا﴾مريم٢.

(زەکا): پاك بوونەوە:﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى﴾الأعلى١٤.

(زوهرە): گوڵ: ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجاً مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾طه١٣١.

(زولفا): نزیك بوونەوە: ﴿وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ﴾ص٤٠.

(زینە): جوانی: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً﴾الكهف٧.

(سجود): کڕنوش بردن:﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾ق٤٠.

(سەجا): داپۆشین: ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى﴾الضحى٢.

(سەدیق): هاوڕێ، دۆست: ﴿وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ﴾الشعراء١٠١.

(سەما): ئاسمان:﴿وَالسَّمَاء وَمَا بَنَاهَا﴾الشمس٥.

(سەفا): تەپۆڵکەی سەفاو مەروا لە کەعبە،خۆشی،پاڵفتە: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾البقرة١٥٨.

(سەرمەد): نەمر، هەتاهەتایی:﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَداً إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾القصص٧٢.

(سەلام): ئاشتی، ئیسلام: ﴿يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾المائدة١٦

(سەلوا): جۆرە باڵندەیەکە لەکوردیدا ناوی شێلاقەیە: ﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾البقرة٥٧.

(سونبول): گوڵە گەنم، سەرتۆپك، ﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾البقرة٢٦١.

(سوندوس): ئاورێشمی تەنك، پۆشاکی بەهەشتیەکان:﴿يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَابِلِينَ﴾الدخان٥٣.

(ساهیر): بێدار:﴿فَإِذَا هُم بِالسَّاهِرَةِ﴾النازعات١٤.

(سوڵتان): دەسەڵات:﴿أَمْ لَكُمْ سُلْطَانٌ مُّبِينٌ﴾الصافات١٥٦.

(ساڵح): یەکێکە لە پێغەمبەران:﴿فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحاً وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ﴾هود٦٦.

(سەدید): پتەو:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً﴾الأحزاب٧٠.

(سوبحان): پاکی و بێ گەردی و دووری لەهەموو کەم و کووڕیەك:﴿سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ﴾الصافات١٨٠.

(سیراج): تیشکدەر: ﴿وَجَعَلْنَا سِرَاجاً وَهَّاجاً﴾ النبأ١٣.

(سیما): نیشانە:﴿ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ﴾الفتح٢٩.

(سەقا): ئاودێر:﴿تُسْقَى مِنْ عَيْنٍ آنِيَةٍ﴾الغاشية٥.

(سەوا): وەکو یەك: ﴿اصْلَوْهَا فَاصْبِرُوا أَوْ لَا تَصْبِرُوا سَوَاء عَلَيْكُمْ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾الطور١٦.

(سیدرە): دارێکە لە ئاسمانی حەوتەم، کۆتا وێستگەی ئەو شتانەی کە لە زەوی دەچنە سەرەوە:﴿عِندَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى﴾ النجم١٤.

(شاهید): شایەت لەسەر شتێك:﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولاً﴾المزمل١٥.

(شیفا): چارەسەر، ساڕێژ:﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَاراً﴾الإسراء٨٢.

(شیهاب): بزوزکی ئاگر: ﴿إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَاراً سَآتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُم بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَّعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ﴾النمل٧.

(شوعەیب): یەکێکە لە پێغەمبەران، خەزووری حەزرەتی موسا:﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً﴾العنكبوت٣٦.

(عالیه): بڵند:﴿فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ﴾الحاقة٢٢.

(عیماد): کۆڵەکە ﴿إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴾الفجر٧.

(عیسا): یەکێکە لە پێغەمبەرانی خوا،﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾آل عمران٥٩.

(فورات): سازگار:﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ وَأَسْقَيْنَاكُم مَّاء فُرَاتاً﴾ المرسلات٢٧.

(فورقان): ناوێکی قورئانە، جیاکەرەوە: ﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً﴾الفرقان١

(فیردەوس): گەورەترین شوێنی بەهەشت: ﴿الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ المؤمنون١١.

(فیدا): بەخشین: ﴿ فَإِمَّا مَنّاً بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾محمد٤.

(فەلەك): بۆشایی ئاسمان:﴿لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾يس٤٠.

(کەوسەر): خێرێکی زۆر، حەوزێکە لەبەهەشت: ﴿إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ﴾ الكوثر١.

(کەوکەب): هەسارە: ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَباً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾ يوسف٤.

(لوقمان): یەکێکە لە پیاو چاکان، ناوی سورەتێکی قورئانی ئیرۆزە:﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾لقمان١٢.

(لەیل): شەوگار: ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى ﴾الضحى٢

(مەئوا): شوێنی نیشتەجێ بوون: ﴿فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى﴾النازعات٤١.

(میهاد): لانك،شوێنی حەوانەوە: ﴿أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَاداً﴾ النبأ٦.

(مەوەدە): خۆشەویستی و نزیك بوونەوە: ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾الممتحنة٧.

(مەعاد):زێد و شوێنی لەدایك بوون: ﴿إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ مَن جَاء بِالْهُدَى وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾القصص٨٥.

(مەدیەن): گەلی حەزرەتی شوعەیب پێغەمبەر:﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً﴾الأعراف٨٥

(مەئاب): گەڕاوە، گەڕانەوە: ﴿وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ﴾ص٤٠.

(موبین): ئاشکرا: ﴿وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ﴾الدخان٢.

(مەسرور): دڵخۆش:﴿وَيَنقَلِبُ إِلَى أَهْلِهِ مَسْرُوراً﴾الانشقاق٩.

(مەکین): شوێنی شایستەو گونجاو: ﴿ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ﴾التكوير٢٠.

(میحراب): میحراب، ڕووگەی مزگەوت، شوێنی نوێژو خواپەرستی: ﴿فَنَادَتْهُ الْمَلآئِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ﴾آل عمران٣٩

(مینهاج): پەیڕەو و پرۆگرام:﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً﴾المائدة٤٨ .

(مەروە): تەپۆڵکەی سەفاو مەروا لە نزیکی کەعبە: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾البقرة١٥٨ .

(مەریەم): دایکی حەزرەتی عیسا:﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَاناً شَرْقِيّاً﴾مريم١٦ .

(موحەممەد): پێغەمبەری ئیسلام و کۆتا پێغەمبەرﷺ :﴿وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ﴾الفتح٢٩ .

(مەولا): پشت و پەنا: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا﴾محمد١١ .

(موسا): پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلیەکان: ﴿وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾البقرة٥٣ .

(مونیب): گەڕانەوە بۆلای خوا: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ ﴾هود٧٥ .

(مەرجان): جۆرە بەردێکی بەنرخە: ﴿كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ﴾ الرحمن٥٨ .

(نەجوا): چرپە: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾المجادلة٧ .

(نیدا): بانگ کردن: ﴿إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيّاً ﴾مريم٣ .

(نور): ڕووناکی: ﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾النور٣٥ .

(نوح): یەکێکە لە پێغەمبەرانی (أولوا العزم):﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾نوح١ .

(نەعیم): بەخشش: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴾الانفطار١٣ .

(وەردە): گوڵ: ﴿فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاء فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ﴾الرحمن٣ .

(یاسین): ناوێکی پێغەمبەرەﷺ: ﴿سَلَامٌ عَلَى إِلْ يَاسِينَ﴾الصافات١٣٠ .

(وەحید): تەنها،تاقانە: ﴿ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً﴾ المدثر١١ .

(یوسرا): ئاسانکاری: ﴿فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى﴾الليل٧ .

(یاقوت): جۆرە بەردێکی بەنرخە: ﴿كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ﴾ الرحمن٥٨ .

(یونس): یەکێکە لە پێغەمبەران: ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾الصافات١٣٩ .

(یوسف): پێغەمبەرێکە لە کوڕەکانی حەزرەتی یەعقووب:﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِّلسَّائِلِينَ﴾ يوسف٧ .

(یەقین): ئەو پەڕی دڵنیایی: ﴿وَإِنَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ﴾الحاقة٥١.

(یەحیا): کوڕی حەزرەتی زەکەریا، یەکێکە لە پێغەمبەران:﴿يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيّاً﴾مريم١٢.

(یەعقوب): پێغەمبەرێکە لە کوڕەکانی حەزرەتی ئیبراهیم، باوکی حەزرەتی یوسف: ﴿يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيّاً﴾ مريم٦.

(هودا): ڕێنوویی ﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴾ البقرة٢.

(هارون): یەکێکە لە پێغەمبەران، برای حەزرەتی موسا: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيّاً﴾ مريم٥٣......

پرۆژەکانی بەرنامەی گوڵستان:.

گوڵستان ناوی ڕۆژانە بەرنامەیەکی دەنگی یەکگرتوو ڕادیۆی سلێمانیە، یەکەم ئاڵقەی لەبەرواری ٢٠٠١/٩/٩ پێشکەش کراو بەردەوام تا ئێستا بەرنامەکە بەردەوامی هەیەو ئێستاش کەبەرواری ٢٠-١٠-٢٠٠٨ ژمارەی ئەڵقەکانی ئەو بەرنامەیە گەشتۆتە (١٨٨٣)ئەڵقە، وە لەو ماوەی حەوت ساڵەدا لە گوڵستاندا میوانداری سەدان کەسانی جیاواز لە بوارە جیاوازەکاندا میوانداری کراوە، لە کەسانی سیاسی و هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرو ڕاگەیانکاران و پزیشکەکان و خاوەن پیشە جیاوازەکان و نوێنەری ڕێکخراوە جەماوەریەکان و کەسانی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون و بەرپرسی یەکەمی دەزگا حکومی و جەماوەری و کەسانی ناودار و مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاو قوتابخانەکان، ئەوە وێڕای زیندوو کردنەوەی زۆرینەی یادەوەری و بۆنە ئاینی و کوردستانی و جیهانیەکان و یادو تەرخانکردنی بەرنامەی تایبەت بە یادی ناودارانی کوردستانی و جیهانی وە ئەنجامدانی دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە دابەشکردنی قورئان و خەندەی نازداران تایبەت بە منداڵانی بێ باوك و پێشبڕکێ و سازکردنی کۆڕ و کردنەوەی چوار پێشانگای ساڵانەوە گێڕانی چەندین ئاهەنگی گشتی و کردنەوەی خولی فێربوونی قورئان و لەبەر کردنی قورئان و خولی فێربوونی مەراسیمی حەج بۆ حاجیان و ....هتد.

ئەوە جگە لە بە چاپ گەیاندنی چەند کتێبێك لە زنجیرەی پرۆژەی بەرنامەی گوڵستان لەوانە:

١- پێغەمبەر ﷺ لەدڵی شاعیرانی کورد دا....٢٠٠٢

٢- خەندەو خەڵات.................٢٠٠٤

٣- مەولونامەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە...٢٠٠٥ چاپی یەکەم ٢٠٠٦ چاپی دووەم.

٤- ژیانی قورئانخوێن (عبدالباسط عبالصمد)..٢٠٠٥ چاپی یەکەم، ٢٠٠٦ چاپی دووەم

٥- . ژیانی قورئانخوێن (محمد صديق المنشاوی)..٢٠٠٥ چاپی یەکەم، ٢٠٠٦ چاپی دووەم

٦- چەپکێك لـەخەرمانەی گوڵستان.....٢٠٠٦

٧- لـەسایەی ناوە پیرۆزەکاندا......چاپی یەکەم٢٠٠٦، چاپی دووەم ٢٠٠٨

٨- پەیامی بەختەوەری..........٢٠٠٧

٩- گوڵستانی ئیرەم لـە وەصفی فەخری عالـەم.....٢٠٠٨

١٠- وانەکانی خۆشمان دەوێیت (حاجی کاروان)

١١- گوڵستانی وشە..........٢٠٠٨..

................................

چاوەڕوانی بەرهەمی نوێ بن:

وانەکانی خۆشمان دەوێیت(حاجی کاروان) بەرگی دووەم و سێ یەم.